تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5877) یەک شەممە 24ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

هەرێمی کوردستان و لۆگزامبۆرگ پەیوەندییەکانی نێوانیان فراوان دەکەن

د. دلاوەر خالید ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەوروپا بە یاوەری شاندێک سەردانی وەزارەتی دەرەوەی لۆگزامبۆرگی کرد و لەلایەن ئۆلیڤەر مائێس، بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە سیاسییەکانی وەزارەتی دەرەوەی لۆگزامبۆرگ و بەرپرسی بەشی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا پێشوازی لێکرا.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

4 ئەمەریکا: هاوکاری هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکەین



نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە مایک پێنس دەکات

نێچیرڤان بارزانی: سەردانی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەم کاتەدا نیشانەی پشتگیرییە لە عێراق و هەرێمی کوردستان

مایک پێنس: پابەندیی ئەمەریکا بۆ بڕەودان بە پەیوەندییەکان و هاوکاری و پشتگیری لە هەرێمی کوردستان

وەک هاوپەیمانێکی ئەمەریکا لە چوارچێوەی عێراقدا دووپات دەکەینەوە

بەڕێز مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا سوپاس و پێزانینی ولاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە شەڕی دژی داعشدا هەبووە، هەروەها ستایشی پێکەوەژیان و پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و حەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەرانی لە هەرێمی کوردستان کرد، سلاو و ڕێزی خۆی و ئیدارەی ئەمەریکایشی پێشکەش بە کەسوکاری شەهیدانی شەڕی دژی تیرۆر و پێشمەرگە کرد.
ئێوارەی دوێنێ شەممە 2019/11/23 لە هەولێر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا کرد. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی تەواوکردنی پرۆژە جێماوەکانی کارەبا بودجەیەک تەرخان دەکات



ئەمڕۆ کێشەی کارەبا یەکێکە لەکێشە هەرە دیارەکانی هەرێمی کوردستان و ماوەیەکی زۆرە هاوڵاتیان بەدەست ئەم کێشەوە دەنالێنن، ئێستاش لەگەڵ نزیک بوونەوەی زستان و وەرزی سەرماو سۆڵ، کێشەکە زیاتر ڕەق بۆتەوە و زۆر لەوەی چاوەڕوان دەکرا کارەبا کەم بۆتەوە بەشێوەیەک کە ماوەی پێدانی کارەبای موولیدە ئەهلیەکان لەکارەبای نیشتمانی زیاتر بووە، بۆ ئەم مەبەستەش دوێنێ لە پارێزگای هەولێر کۆبوونەوەیەکی فراوان بەڕێوەچوو، کە تیایدا چەندین بڕیار و ڕێنمایی لەم بوارەوە درا.
(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

گرێ سپی... ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوەو دەیان چەکدار کوژران و بریندارببوون

دوێنێ شەممە لەئاکامی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە گرێ سپیی کە لەلایەن تورکیاو گرووپە چەکدارە توندڕەوەکانەوە داگیرکراوە، بەپێی ئاماژە سەرەتاییەکان چوارکەس کوژران و بەدەیانی دیکەش بریندار بوون. تەقینەوەکەش لە شەقامی سناعە لەبەردەم بارەگایەکی چەکدارانی بەناو سوپای نیشتمانی کە لەلایەن تورکیاوە پاڵشتی دەکرین ڕوویداوە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)





بەغدا .. سوپای عێراق کوژرانی خۆپیشاندەران لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی هەینیدا ڕەتدەکاتەوە

سوپای عێراق کەوتنەوەی کوژراو لە ریزی خۆپیشاندەران لە میانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی هەینی لە شاری بەغدا ڕەتدەکاتەوە. لیوا عەبدولکەریم خەلەف، گوتەبێژ بەناوی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی هەوالی فەرمیی عێراقی ڕایگەیاندووە، وەزارەتی تەندروستی هیچ حاڵەتێکی کوژرانی لە میانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی هەینیدا تۆمارنەکردووە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ عوسمانی سیرێ

سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ عوسمانی سیرێ، لە پرسەنامەیەکدا بۆ خانەوادەی کۆچکردوو سەرەخۆشی لە خانەوادەی دەکات. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

خانەوادەی بەڕێزی شێخ عوسمانی سیرێ

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و ناوداری ئایینی و کۆمەڵایەتی، جەنابی حاجی شێخ عوسمانی شێخ عبدولقادری بابە شێخی سیرێ- م پێ گەیشت.

لەم بۆنە خەمناکەدا، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و سەرجەم خزمان و ئاشنایان و دۆستانتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم.

لە خوای گەورە دەپارێمەوە گیانی جەنابی شێخ عوسمان بخاتە بەر دلۆقانیی خۆی و دڵنەوایی هەموولایەک بدات.

انا لله وانا اليه راجعون

مسعود بارزانی
2019/11/22

پرسەنامەیەک

لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

بۆ بنەماڵەی بەڕێزی شێخ عوسمانی سیرێ

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناسراوی ئایینی و کۆمەڵایەتی (شێخ عوسمانی سیرێ) م بیست . پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەیان دەکەم و هیوادارم خودای مەزن بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/11/22

هەرێمی کوردستان و لۆگزامبۆرگ پەیوەندییەکانی نێوانیان فراوان دەکەن



د. دلاوەر خالید ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا بە یاوەری شاندێک سەردانی وەزارەتی دەرەوەی لۆگزامبۆرگی کرد و لەلایەن ئۆلیڤەر مائێس، بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە سیاسییەکانی وەزارەتی دەرەوەی لۆگزامبۆرگ و بەرپرسی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا پێشوازی لێکرا. لە کۆبوونەوەیەکدا، د. دلاوەر ئاژگەیی لەگەڵ ئۆلیڤەر مائێس بە تێروتەسەلی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەی شیکردەوە و دیدی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر کۆی رووداوەکان خستەڕوو. باسی لە سیاسەتی نوێی حکوومەتی هەرێم کرد بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و پرۆژەی چاکسازی و ریفۆرم و سیاسەتی پەرەپێدان بە ئابووری بەهێز و گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار. داوای کرد لەم ڕووانگەوە پەیوەندی دوولایەنە لەنێوان هەرێمی کوردستان و لۆگزامبۆرگ پەرەی پێبدرێت لە ڕێگەی وەزارەتی بازرگانی لۆگزامبۆگ و ژووری بازرگانی هەردوولا هەروەها دەرفەت بۆ کۆمپانیاکان بڕەخسێندرێت تاکو وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا بکەن. وەزارەتی دەرەوەی لۆگزامبۆرگ ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ دروستکردنی پەیوەندی سیاسی، بازرگانی و ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان نیشاندا و بڕیارياندا کۆبوونەوەی تایبەت لە نێوان هەردوولادا ئەنجام بدرێت.

لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا، د. دلاوەر ئاژگەیی باسی لە سیاسەتی دەرگا و دڵی کراوەی هەرێمی کوردستان کرد بۆ ئاوارە و پەنابەران و سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکان لە ناوچەکە بە گشتی، هەروەها باسی لە لێشاوی هاتنی زیاتر لە 16000 پەنابەری نوێی سووری کرد بۆ ناو خاکی هەرێم، سەرەڕای هەبوونی زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی عێراقی و پەنابەری سووری. هاوکات داوای هاوکاری و پشتگیری حکوومەتی لۆگزامبۆرگی بۆ هەرێمی کوردستان کرد تا لە ڕێگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاوکاری پێشکەش بە پەنابەران بکات. د. دلاوەر ئاژگەیی و بەڕێز ئۆلیڤەر مائێس تاوتوێی پرسێکی گرنگی تریان کرد ئەویش دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی لۆگزامبۆرگ. لەم بارەیەوەش هەردوولا هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە پتەوکردنی پەیوەندی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و لۆگزامبۆرگ پەیوەندی هەردوولا بەهێزتر دەکات.

بەغدا .. سوپای عێراق کۆژرانی خۆپیشاندەران لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی هەینیدا ڕەتدەکاتەوە

سوپای عێراق کەوتنەوەی کۆژراو لە ڕیزی خۆپیشاندەران لە میانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی هەینی لە شاری بەغدا ڕەتدەکاتەوە. لیوا عەبدولکەریم خەلەف، گوتەبێژ بەناوی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی هەواڵی فەرمیی عێراقی رایگەیاندووە، وەزارەتی تەندروستی هیچ حاڵەتێکی کۆژرانی لە میانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی هەینیدا تۆمارنەکردووە.

عەبدولکەریم خەلەف هەموو ئەو هەواڵانەی بەدرۆخستووەتەوە کە باس لە کۆژرانی خۆپیشاندەر دەکەن لە میانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی هەینیدا.

جێی باسە پێشتر ئاژانسەکانی هەواڵ و ماڵپەڕە لۆکاڵییەکانی هەواڵ، کۆژرانی چوار خۆپیشاندەریان ڕاگەیاندبوو کە بەهۆی گوللەی ڕاستەقینە، پلاستیکیی و بۆمبی گازی فرمێسکڕێژ لەلایەن هێزە ئەمنییەکان لە نزیک هەردوو پردی ئەحرار و سەنک ناوەڕاستی بەغدا کۆژراون. هاوکات سەرچاوەیەکی پزیشکیی بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاندبوو، لە میانی خۆپیشاندانەکانی هەینیدا لە شاری بەغدا چوار خۆپیشاندەر کۆژران و 40ی دیکە بریندارببوون.

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بڵاوکراوەتەوە، لە میانی ئەو خۆپیشاندانانەی لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق بەڕێوەدەچن، تا ئێستا لانیکەم 339 خۆپیشاندەر کۆژراون و نزیکەی 15 هەزار کەس لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوون.



میدیای سویدی ئاماژە بە وەزیرێکی عێراقی پشتڕاست دەکاتەوە



کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی سوید ئاماژە بە وەزیرێکی حکوومەتی عێراق پشتڕاست دەکاتەوە. کەناڵی SVTی سویدی لە زاری تۆنی ئەریکسۆن، گوتەبێژی وەزارەتی بەرگریی وڵاتەکەی ڕایگەیاندووە، نەجاح شەمەریی وەزیری بەرگریی عێراق هاووڵاتییەکی سویدە و لە ناوچەیەکی دەوروبەری ستۆکهۆڵم دادەنیشێت.

کەناڵەکە هەروەها باڵاوی کردووەتەوە، کە نەجاح شەمەری لە سوید لە ساڵی 2009 بە ناوێکی دیکە خۆی ناساندووە و مافی مانەوە (ئیقامە)ی وەرگرتووە و لە ساڵی 2015ش پاسپۆرتی ئەو وڵاتەی وەرگرتووە.

هەروەها ڕۆژنامەی (Nyheter Idag)ی ئەو وڵاتە باڵاوی کردووەتەوە، کە وەزیری بەرگریی عێراق بەڵگەی ساختەی پێشکەشی حکوومەتی سوید کردووە بۆ وەرگرتنی پارەی سۆشیال.

لە ساڵی 2006ـەوە یاسای عێراقی ڕێگا بە هاووڵاتییانی دەدا ببنە خاوەن ڕەگەزنامەی وڵاتێکی دیکە، بەڵام بەرپرسانی باڵا دەبێ دەستبەرداری ڕەگەزنامە و پاسپۆرتی دووەم و زیاتر بن.

تورکیا بەناو هاوپەیمانانە

سیناتۆرێکی ئەمەریکا: بە داخەوە سەرۆکەکەمان خیانەتی لە کورد کرد



سیناتۆرێکی دیموکراتەکانی ئەمەریکا کورد بە هاوپەیمانی سەرەکی واشنتن لە شەڕی داعش دادەنێت و دەڵێ جێگەی داخە سەرۆکی ئەمەریکا پشتی لە کورد کردووە.

کریس ڤان هۆلین، سیناتۆری دیموکراتەکان لە ئەمەریکا بە کوردستان 24ی ڕاگەیاندووە: بەداخەوە ئێستا ئێمە سەرۆکێکمان هەیە کە پشتی لە کورد کردووە و خیانەتی لەوانە کرد کە هاوپەیمانمان بوون بەتایبەت لە شەڕی دژی داعش. ڕاشیگەیاندووە: ئێمە لە سێنات هەوڵی پێچەوانەکردنی ئەو بڕیارەی سەرۆکی ئەمەریکامان داوە. ئەم سیناتۆرە ئەمەریکییە لەبارەی تورکیاشەوە گوتوویەتی: تورکیا کە بەناو هاوپەیمانمانە، نابێت چەکی پێشکەوتوو لە ڕووسیا بکڕێت، هەربۆیە ئەمەریکا جەختی لەوە کردووەتەوە کە فڕۆکەی ئێف 35 نادرێت بە تورکیا ئەگەر بیر لە کڕینی ئێس 400 بکەنەوە. ئاشکراشی کردووە: ئێمە لەگەڵ سزادانی تورکیا نین، بەڵام دەبێ تورکیاش بزانێت لەگەڵ ئەوەش نین کە چەک لە ڕووسیا بکڕێت و پێویستە تورکیا ببێتە هاوپەیمانێکی ڕاستەقینە.

عێراق.. دەستگیرکردنی گەورە تیرۆریستێکی داعش

بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازیی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراق دەستگیرکردنی سەردەستەیەکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشی ڕاگەیاند کە بەرپرسی لۆجستیی ڕێکخراوەکە بووە لە شاری ڕومادی ناوەندی پارێزگای ئەنبار و بەپێی ماددەی چواری تیرۆر فەرمانی دەستگیرکردنی هەبووە.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕاگەیەنراوێکدا، ئاماژەی بەوەداوە کە تیمەکانی هۆبەی هەواڵگریی سەربازیی لە فیرقەی 10 بە هەماهەنگیی لەگەڵ هەواڵگریی لیوای 38ی پیادە، تیرۆریستێکی داعشیان لە ناوچەی ئەڵتاش لە شاری ڕومادی، دەستگیرکردووە. هەر بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، تیرۆریستە دەستگیرکراوەکە بەرپرسی لۆجستیی ڕێکخراوەکە بووە لە شاری ڕومادی ناوەندی پارێزگای ئەنبار و بەپێی ماددەی چواری تیرۆر فەرمانی دەستگیرکردنی هەبووە.


جێی باسە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە هاوینی ساڵی 2014دا دەستی بەسەر یەک لەسەر سێی ڕووبەری خاکی عێراقدا گرت. دوای سێ ساڵ شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەش لەگەڵ تیرۆریستان، کۆتایی ساڵی 2017 سەرکەوتنی هێزە عێراقییەکان بەسەر ڕێکخراوەکەدا ڕاگەیەنرا.

هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە میانی شەڕی سێ ساڵیان لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، سەدان چەکداری ڕێکخراوەکەیان دەستگیرکرد و سەرجەمیان بەپێی ماددەی چواری تیرۆر دادگایی دەکرێن.

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە مایک پێنس دەکات

نێچیرڤان بارزانی: سەردانی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەم کاتەدا نیشانەی پشتگیرییە لە عێراق و هەرێمی کوردستان

مایک پێنس: پابەندیی ئەمەریکا بۆ بڕەودان بە پەیوەندییەکان و هاوکاری و پشتگیری لە هەرێمی کوردستان وەک هاوپەیمانێکی ئەمەریکا لە چوارچێوەی عێراقدا دووپات دەکەینەوە



بەڕێز مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا سوپاس و پێزانینی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە شەڕی دژی داعشدا هەبووە، هەروەها ستایشی پێکەوەژیان و پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و حەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەرانی لە هەرێمی کوردستان کرد، سڵاو و ڕێزی خۆی و ئیدارەی ئەمەریکایشی پێشکەش بە کەسوکاری شەهیدانی شەڕی دژی تیرۆر و پێشمەرگە کرد.

ئێوارەی دوێنێ شەممە 2019/11/23 لە هەولێر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێزان مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، مستەفا سەید قادر جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیران و فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، بەڕێز پێنس پابەندیی ئەمەریکای بۆ بڕەودان بە پەیوەندییەکان و هاوکاری و پشتگیری لە هەرێمی کوردستان وەک هاوپەیمانێکی ئەمەریکا لە چوارچێوەی عێراقدا دووپات کردەوە و خۆشحاڵی و پشتگیریی وڵاتەکەی بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و گفتوگۆ و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان نیشان دا.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وێڕای دەربڕینی خواستی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا، سوپاسی ئەمەریکای کرد کە لە شەڕی دژی داعشدا پشتگیری لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و دووپاتی کردەوە بێ پشتگیریی ئەمەریکا ئەو سەرکەوتنە بەسەر داعشدا بەدی نەدەهات، هەروەها سەردانی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەمەریکای لەم کاتەدا بە نیشانەی پشتگیری لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دا.

لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولا تاوتوێ کران.

بەغدا.. ناوچەی سەوز بە کاتیۆشا کرایە ئامانج

سەرچاوەیەکی ئەمنیی عێراقی ئاشکرایکرد، ناوچەی سەوز لە ناوەڕاستی بەغدای پایتەختی عێراق بە مووشەکی کاتیۆشا کرایە ئامانج، مووشەکەکە لە ڕووباری دیجلە کەوتەخوارەوە هیچ زیانێکی لێنەکەوتەوە.

ئەفسەرێک لە پۆلیسی بەغدا بە پلەی عەقید بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاندووە، کەسانێکی نەناسراو مووشەکێکیان ئاراستەی ناوچەی سەوز کردووە کە مەزەندە دەکرێت کاتیۆشا بێت. بە گوتەی ئەو ئەفسەرە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، مووشەکەکە لە ڕووباری دیجلە لە لێواری ناوچەی سەوز کەوتووەتە خوارەوە.

لای خۆیەوە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراق کەوتنەخوارەوەی مووشەکێکی لە ڕووباری دیجلە پشتڕاستکردەوە. دوێنێ شەممە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا، ئاماژەی بەوەداوە کە کەمێک پێش ئێستا مووشەکێک لە ڕووباری دیجلە لە بەغدا کەوتووەتە خوارەوە و هیچ زیانێکی بەدوای خۆیدا نەهێناوە.

ئەم پێشهاتە دوای پێنج ڕۆژ دێت لە هێرشێکی هاوشێوە کاتێک کەسانی نەناسراو سێ مووشەکیان ئاراستەی ناوچەی سەوز کرد و مووشەکەکان لە دەوروبەری ناوچەکە کەوتنەخوارەوە. ئەم هێرشانە لە کاتێکدایە کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا خۆپیشاندان لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق بەڕێوەدەچێت.



وەزیری پیشەسازیی عێراق بانگهێشتی پەرلەمان ڕەتدەکاتەوە

وەزیری پیشەسازیی عێراق بانگهێشتی پەرلەمانی وڵاتەکەی دەکرێت و ئەویش ڕەتیدەکاتەوە بچێتە پەرلەمان. بڕیار بوو دوێنێ شەممە 2019/11/23 سالح جبووری، وەزیری پیشەسازیی عێراقی ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بێت بۆ لێپرسینەوە لێی.

بەپێی هەواڵی میدیا عێراقییەکان، سالح جبووری داوای لێبوردنی کردووە و ڕایگەیاندووە، بەهۆی ئەوەی بە بەر گۆڕانکاری لە کابینەی حکوومەتی عێراق دەکەوێت، ئامادەی دانیشتنەکە نابێت. جێی باسە دوای خۆپیشاندانەکانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە ژمارەیەک چاکسازی ڕاگەیاند، کە بەشێکیان بریتی بوون لە گۆڕینی ژمارەیەک وەزیری کابینەکەی.

تەقینەوەکە لە بەردەم بارەگایەکی چەکدارانی بەناو سوپای نیشتمانی ڕووبداوە

گرێ سپی... ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوەو دەیان چەکدار کوژران و بریندارببوون



بەرەیەیانی دوێنێ شەممە لەئاکامی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە گرێ سپیی ڕۆژئاوای کوردستان کە لەلایەن تورکیاو گرووپە چەکدارە تۆندڕەوەکانەوە داگیرکراوە، بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان چواركەس کوژران و بەدەیانی دیکەش بریندارببوون. تەقینەوەکەش لە شەقامی سناعە لەبەردەم بارەگایەکی چەکدارانی بەناو سوپای نیشتمانی کە لەلایەن تورکیاوە پالشتی دەکرین ڕووبداوە.

دوای تەقینەوەکەش تیمەکانی فریاکەوتن گەیشتوونەتە شوێنەکەو بریندارەکانیان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی نزیک سنووری تورکیا کردووە. لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی مالپەڕی حەقیقەتی سووری ژمارەی کوژراوانی چەکدارە تۆندڕەوەکان زیاتر لە 10 چەکدارەو لەگەڵ زیاتر لە 25 بریندار.

لوبنان.. قوتابیان ڕژانە سەر شەقام و دەستیان بە خۆپیشاندان کردەوە

هەمبەر بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار دەستیان بە مانگرتن کردووە. جێی باسە لە ڕۆژی 17ی مانگی ڕابردووە خۆپیشاندان دژی پلانی حکوومەت بۆ زیادکردنی باج لەسەر هاووڵاتیان لە پڕۆژە یاسای بوودجەی 2020 لە لوبنان، دەستپێکردووە و تا ئێستا بەردەوامی هەیە.

بەهۆی خۆپیشاندانەکانی لوبنانەوە، سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە، سەعد حەریری لە 29ی مانگی ڕابردوود دەستی لەکار کێشایەوە. خۆپیشاندەرانی لوبنان داوا دەکەن پەلە بکرێت لە پێکهێنانی حکوومەتێک کە وەزیرەکانی سەربە هیچ پارتێک نەبن، هەروەها هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت و گەندەڵکارانیش سزا بدرێن.

ئەم ژمارەیە بە بەشداری ئەم کۆمپانیایانە دەرچووە
Ashti Hotel
Ashti Mall
Ashti Market
Ashti Resort
Ashti Tower
Ashti Wedding Hall
Ashti Water
Ashti Water Park
Ashti Wedding Hall

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی دەیەمی حزبەکەیان

پارتی پیرۆزبایی لە زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات

بژ/ بەڕێزان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سلاوێکی گەرم

بە بۆنەی بەستنی دەیەمین کۆنگرەی پارتەکەتان پیرۆزباییەکی گەرم ئاڕاستەی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرەکەتان دەکەین، ئومێدەوارین بڕیارو راسپاردەکانی ببێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ زیاتر گەشەسەندنی ڕێکخستنەکانتان.

بێگومان بەشداریتان لە خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و بەدیهێنانی ئەو دەسکەوتانەی کە لە ئاکامی یەکڕیزی و یەکگوتاریی هێزو لایەنە سیاسییەکانەوە بەدەست هاتوون، جێگەی بایەخن، هەروا بوونتان لە گۆڕەپانی سیاسی وەک لایەنێک لەو فرەییەی لە کوردستاندا هەیە پایەکانی دیموکراسیەتی بەهێزتر کردووە.

خوشک و برایانی بەشداربوو:

ئێوە لە کاتێکدا دەیەمین کۆنگرەی حزبەکەتان دەبەستن، ناوچەکە بە هەلومەرجێکی هەستیار ئاڵۆزدا تێپەڕ دەبێت کە بێگومان لێکەوتی رووداوەکان کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەیان دەبێت بۆ سەر هەرێمەکەمان، بۆیە قۆناغەکە وامان لێدەخوازێت گفتوگۆ و دایەلۆگی نیشتمانی بکەینە بنەمای کاری هاوبەشمان و ئامادەگیمان هەبێت بۆ هەموو ئەو ئەگەرو پێشهاتانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، یەکگرتووبین لە پاڵپشتکردنی هەوڵەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو پاراستنی دەستکەوتە بەدەستهاتووەکانی گەلەکەمان کە بە هەوڵی هەموو لایەک لە دەستووری نوێی عێراق دا زامن کرا.

دووبارە پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەتان لێدەکەین و ئومێدەوارین بڕیارو راسپاردەکانتان ببێتە مایەی زیاتری تەبایی و یەکڕیزی و بەرەو پێشچوونی زیاتری پەیوەندیی پارت و لایەنە سیاسییەکان.

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا 2 هاووڵاتیان لە سەرێکانی گوللەباران کرد

K24: گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا دوو هاووڵاتی لە گوندی عریشە لە دەوروبەری سەرێکانی گوللەباران دەکەن.

بەگوێرەی ئاژانسی سانای سەر بە حکوومەتی سووریا، گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا دوو هاووڵاتیان لە گوندی عریشەی سەر بە سەرێکانیان گوللەباران کردووە. ئاماژەی بەوەشکردووە، هێزەکانی سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارەکان لە گرێ سپی و سەرێکانی دەستیان بە تالانکردنی مالّی هاووڵاتیانی کورد کردووە.



وەزارەتی دەرەوەی سووریا داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات سنووردار بۆ تورکیا دابنێن

ئەردۆغان گوێ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یاساکانی ناگرێت

وەزارەتی دەرەوەی سووریا لەبەیاننامەیەکدا بەتوندی ئیدانەی لەشکرکێشیەکانی تورکیا دەکات بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و داواش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، ئەردۆغان ناچاربکەن هێرشە تەماحکارییەکانی ڕابگرێت.

لەبەیاننامەیەکدا، وەزارەتی دەرەوەی سووریا ڕایگەیاندووە: سووریا بە تونددترین شێوە ئیدانەی لەشکرکێشی و هێرشەکانی تورکیا دەکات بۆ سەر خەڵکی سیڤیلی سووریا.

لەبەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە،لە تازەترین تاوانیدا، ئەردۆگان بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە نزیک گرێ سپی چەند شوێنێکی کردوەتە ئامانج کە منداڵ و خەڵکی مەدەنیش لە هێرشەکاندا کوژراون.

بەگوێرەی بەیاننامەکە، سەرەڕای ئەوەی تورکیا دەبێت بەپێی ڕێککەوتنی سوچی کە لەگەڵ ڕووسیا ئەنجامیداوە مامەڵە بکات، بەڵام وادەردەکەوێت سوپاکەی ئەردۆغان و هاوکارە تیرۆرستەکانی بەردەوامی بە تاوان دەدەن و سوورن لەسەر داگیرکاری زیاتر، هەموو ئەوانەش دەیسەلمێنێت ئەردۆغان گوێ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یاساکانی ناگرێت. هاوکات سووریا داواشی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە ئەردۆگان ناچار بکەن هێرشە تەماحکارییەکانی بۆ سەر سووریا ڕابگرێت.

هۆڵەندا... پاڵپشتیکردنی لیژنەی هەڤکاری حزبە کوردستانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ساسان دەرویش: دوێنێ شەممە 2019/11/23 ڕەوەندی کورد بەهەمانگی لەگەڵ لیژنەی هەڤکاری حزبە کوردستانییەکان کە زیاتر لە 17 پارتی سیاسی هەر چوارپارچەی کوردستانە، لەبەردەم تەلاری باڵیۆزخانەی ئێران لە هۆڵەندا گردبوونەوەیەکیان بەڕێوەبرد وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر ئەو خوێنڕشتنەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بەخۆپیشاندەرانی کورد ئەنجام دەدرێت.

سەرەتای گردبوونەوەکەش بە خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە قوربانی و شەهیدەکان لەژێر دروشمی "ڕۆژهەڵات تەنیا نییە کوردستان یەک پارچەیە"، دەستیپێکرد، پاشان لەلایەن نوێنەری لیژنەی هەڤکاری پارتە کوردستانییەکان وتارێک پێشکەشکراو تیایدا پاڵپشتی حزبەکانیان لە خۆپیشاندەران کردەوە کە بەتەنها نین و هەمووان لەگەڵیانن. هەر لە گردبوونەوەکەدا چەندین وتاری دیکە لەلایەن ئامادەبووانەوە پێشکەشکران و هەروەها لەلایەن ژمارەیەک ئامادەبوو چەندان شیعر و هۆنراوە وەک پاڵپشتی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کران.

ئەمەریکا: هاوکاری هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکەین



نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا ڕایگەیاند، هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکراتیک هەسەدە دەکەین و ڕێگە نادەین نەوتی سووریا بکەوێتە دەست داعش. جێمس جێفری نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا پێش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەبارەی سووریا وەڵامی ڕۆژنامەنووسانی دایەوە و ڕایگەیاند، هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکراتیک هەسەدە دەکەین و بەردەوامیشین لە هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش. گوتیشی، بۆ ئێمە گرنگ ئەوەیە ڕێگە لە سەرهەڵدانەوەی داعش بگرین و نەوتی سووریا نەکەوێتە دەست ئەو ڕێکخراوە یان لایەنەکانی دیکە و ئێمە هیچ کارێکی نایاسایی نەکردووە. ئەو بەرپرسە باڵایەی ئەمەریکا ئاشکراشی کردووە کە هەسەدە چوار ساڵە لە کێڵگە نەوتییەکان کار دەکات و ئەمەریکاش بە پێی ستراتیژی خۆی بۆ سووریا هاوکاری هەسەدە دەکەن. لەبارەی دۆخی ئیدلبیشەوە ڕایگەیاند، پێویستە لە تەواوی سووریا ئاگربەست ڕابگەیەندرێت.

یەکێتیی ئەورووپا: هێرشەکانی ڕژێمی سووریا بۆ سەر هاووڵاتییانی سڤیل قبوڵکراو نین

یەکێتیی ئەورووپا هێرشی ڕژێمی بەشار ئەسەد بۆ سەر کەمپێکی ئیدلب کە لە ئاکامدا 12 سڤیل گیانیان لەدەستدا بە "قبوڵنەکراو" لەقەڵەم دا. نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا بۆ سیاسەتی ئەمنی و پەیوەندییە دەرەکییەکان، فێدێریکا مۆگێرینی ڕایگەیاند: هێرشی ڕژێمی سووریا و هاوپەیمانانی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بۆ سەر ژێرخانە گرنگە مەدەنییەکان بە بنکەکانی تەندروستی و قوتابخانەکانیشەوە، قبوڵکراو نییە و دەبێت یەکسەر بوەستێندرێن.

مۆگێرینی پرسە و سەرەخۆشی خۆیانی ئاراستەی کەسوکاری قوربانیان کردووە و نووسیوویەتی: هێرشکردنە سەر کەمپی ئەو ئاوارانەی لە ناو خۆی وڵات دەربەدەربوون و کردنە ئامانجی دامەزراوەیەک لە نزیک سنووری تورکیا، دەرخەری خراپبوونی ڕەوشی باکووری ڕۆژئاوای سووریایە.

ڕاپرسییەک... نیوەی ئەمەریکییەکان ڕێوشوێنەکانی لەسەرکارلادانی ترەمپ ڕەتدەکەنەوە

ترەمپ: تاکە شت کە دەیبینن لەوە زیاتر دەوڵەمەندم کە خەڵکی بیری لێدەکاتەوە



بەگوێرەی ئەنجامی ڕاپرسییەک کە ڕۆژی پێنجشەممە بڵاوکراوەتەوە، دەرکەوتووە کە نیوەی ئەمەریکییەکان ئەو ڕێوشوێنانە ڕەت دەکەنەوە کە کۆنگرێس ئەنجامی دەدات بۆ لەسەرکارلادانی سەرۆکی وڵاتەکەیان، دۆناڵد ترەمپ.

ڕاپرسییەکە کەلەلایەن دامەزراوەی "گالوپ"ی ئەمەریکی ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە لەسەدا 50ی ئەوانەی بەشداریان کردووە لەگەڵ لەسەرکارلادانی ترەمپ نین، لەبەرامبەردا لەسەدا48 لەگەڵ لادانی ترەمپن، هەروەها لەسەدا دووش بڕیاری خۆیان یەکلا نەکردووەتەوە.

ڕاپرسییەکە ئەوەشی دەرخستووە کە ڕێژەی پشتیوانی ترەمپ لەنێو دەنگدەران گەیشتووەتە لەسەدا 43.

هەر بەگوێرەی ڕاپرسییەکە، مامەڵەی ترەمپ لەگەڵ دۆسیەی ئابووری زۆرترین پشتیوانی بەدەستهێناوە، کە لەسەدا 57ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پشتیوانییان کردووە، لەکاتێکدا لە ڕاپرسی مانگی ئایار ئەو ڕێژەیە لەسەدا 50 و لە مانگی ئاب لەسەدا 53 بووە. بەڵام ڕێژەی ئەو کەسانەی کە پشتیوانی مامەڵەی ترەمپ لەگەڵ دۆسیەی سیاسەتی دەرەوەیان کردووە تەنها لە سەدا40 بووە. لە ڕاپرسییەکەدا هەزار و 15 کەس لەسەر ئاستی ئەمەریکا بەشداریان کردووە، لە ڕۆژانی 1 تا 14ی ئەم مانگە بەڕێوەچووە.

ئەنجامی ئەم ڕاپرسییە لەکاتێک دایە کە دۆسیەی لێپێچینەوەکان لە کۆنگرێس بەردەوامیان هەیە بۆ لەسەر کارلادانی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ، ئەوەش دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییە مشتومڕاویەکەی نێوان ترەمپ و سەرۆکی ئۆکراینا ، ڤلۆدۆمیر زێلێنسکی هاتە کایەوە کە لە مانگی تەمووزدا ئەنجامدراوە، و بووە هۆی ئەوەی دیموکراتەکانی کۆنگرێس لێکۆڵینەوە بە مەبەستی لەسەر کارلادانی ترەمپ دەست پێ بکەن. شایانی باسە ترەمپ سێیەم سەرۆکی ئەمەریکایە کە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەبێتەوە بەمەبەستی لەسەرکارلادانی، بەڵام تائێستا هیچ سەرۆکێک بەهۆی ئەو لێپێچینەوانەوە لەسەرکار لانەدراوە.

لە لایەکی دیکەشەوە سەرۆکی ئەمەریکا ، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند ، بەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی 2020ی وڵاتەکەی تۆمارە داراییەکانی ئاشکرا دەکات. ترەمپ، لە ئەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر دیموکراتەکان کە ماوەیەکی زۆرە بە دوای "تۆماری داراییەکان"یدا دەگەڕێن، بڵاوکردەوە. دۆناڵد ترەمپ، لە تویتەکەیدا باسی لەداواکاری گشتیی ڕێگەپێدراوی تایبەت، ڕۆبەرت مولەر کرد کە لە لێکۆڵینەوەکانی ڕووسیادا کە سەرەڕای ئەوەی خۆی پێداچوونەوەی بەسەر هەموو تۆماری باج و داراییەکانیدا کردووە بەڵام هیچ ئەنجامێکی بەدەست نەهێناوە. ترەمپ نووسیویەتی: ئێستا ئەم ڕاوە جادوگەرانە، داواکارە گشتییە دیموکراتەکانی نیویۆرک، بەردەوامن لەسەر پێداچوونەوە بەسەر گشت ڕێککەوتنە داراییەکانم. سەرۆکی ئەمەریکا، ڕاشیگەیاندووە کە داواکەی نیویۆرک "لەدەرەوەی یاسایە" و نووسیویەتی: من پاکم، بەر لە هەڵبژاردنەکانی 2020دا هەروەک پێشتریش کردم، تۆمارە داراییەکانم بڵاوەدەکەمەوە کە ئەوە بڕیاری خۆمە ، تاکە شت کە دەیبینن، زیاتر لەوە دەوڵەمەندم کە خەڵکی بیری لێدەکاتەوە.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/11/24 ژمارە (5877) خەبات

مامۆستایەکی زانکۆی هۆڵەندی باس لە مێژووی کورد و کوردستان دەکات





ساسان دەرویش- هۆڵەندا

رووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان و پرسی بەردەوامی کورد لە دونیادا بووەتە جێگای سەرنج و گفتوگۆکردن کە بۆ دەبێت نەتەوەیەکی چەند ملیۆنی بەو شێوەیە بەرەنگاری ببنەوە کە لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی دەریایەک خوێنی بەخشیوە کردووە، تۆژەران و پسپۆڕانیش لە بواری مێژوو و سیاسەتدا هەوڵەکانی خۆیان بەگەڕخستووە لە پێناوی ئەوەی زۆرترین زانیاری دروست بخەنە بەردەم کۆمەڵگەکانی خۆیان لەگەڵ ئەوەشدا رەوەندی کوردی لێ ئاگادار دەکەنەوە.

دەزگای خێرخوازیی سازکوردین بە هەمەئاهەنگی لەگەڵ مونديالی سەنتەرمی شاری بریدا، ئێوارە کۆڕێکیان بۆ پرۆفیسێر یۆنا خاردن لە شاری بریدای باشووری هۆڵەندا لەژێر ناونیشانی شیکاری دەربارەی کورد و کوردستان و ئایندەی لە هۆڵی مۆدیال سازکرد. بە ئامادەبوونی تاهیر هەورامی بەرپرسی دۆسیەی رەوەندی کوردستان لە بارەگای بارزانی و یاوەری کەژاڵ دەرویش و بەشێکی بەرچاو لە رەوەندی کورد و ژمارەیەک کەسایەتیی ئامادەبووانی هۆڵەندی بوون بۆ گوێبیستن دەربارەی کورد و شۆڕشەکانی، سەرەتا کەسایەتیی هۆڵەندی یان هۆیمان و کارمەندی مۆندیال سەنتروم وێڕای بەخێرهاتنی هەموو ئامادەبووان، هاوکات تیشکی خستە سەر گرنگی بابەتی ئێوارەکە کۆڕەکەی پرۆفیسێر یۆنا خاردن و بە ئامادەبووانی ئاشناکرد کە پرۆفیسێر مامۆستای زانکۆیە لە ڤاخنەرنگن لە شاری نایمێخن، لەم ئێوارەیەشدا باسێکی چڕوپڕی ئامادەیە لەسەر داهاتووی کوردستان بەسلاید و داتاشۆ و بەڵگەی زیندووی رووداوەکانی کوردستان و خاوەنی چەندەها توێژینەوەیە لەسەر کورد و کوردستان و تیژی دکتۆراکەی لەسەر کوردستان و شۆڕشەکانی کورد بووە، پاشان لەلایەن جەنگێن شێخۆ هونەرمەندی موزیکژەنی ساز بە چەند پارچە موزیێکی رەسەنی کوردی ئارامیی بەخشی بەئامادەبووان. پرۆفیسێر یۆنا خاردن بابەتەکەی گەڕاندەوە بۆ سەر مێژوو و باسی لە سەدەی نۆزدەهەم کرد بە تایبەتی جەنگە جیهانییەکان و دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی بە چەند دەوڵەتێکی جیاواز لە کولتوور و دابونەریتی کوردەواری و نائومێدکردنی کورد لە پەیمانەمەی لۆزان و ئۆبالەکەی خستە ئەستۆی بەرژەوەندخوازانی هێزمەندە جیهانییەکان لەو هاوکارییانەی پێیان بەخشیون بە کورد لە شۆڕشەکانیشدا لەنێوەی ڕێگەدا کوردیان جێهێشتووە بۆ داگیرکارانی تری دەست و پەنجە بە خوێنسوورکراوی کورد هەر لە مەهاباد و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول تا بە ئەمڕۆ دەگات ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 و هەمان سیناریۆی بەرژەوەندخوازانە کە کورد لەسەر خاکی خۆی شەهید دەکرێ لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و ژیانێکی دوور لە ژێردەستی و هەڵبژاردنی بێدەنگی و بێهەڵوێستی کۆمەڵگەکانی نێودەوڵەتی بەرانبەر ئەم مێژووە خوێناویکراوەی کورد و شەرمەزار کرد، پاشان پرۆفیسێر یۆنا خاردن بابەتەکەی زیاتر چڕ کردەوە بۆ هێرشەکانی حکوومەتی عێراق بۆ شاری کەرکووک و هێرشەکانی تورک بۆ سەر کۆبانێ و عەفرین و پاشان بۆ تەواوی ڕۆژئاوا و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە کوردییەکان و سیاسەتی چەوتی داگیرکاران پەیڕەو بکرێت لە ناوچەکانیان بە ناوی ناوچەی ئارام و تەعریبکردنی کورد و هاوردەکردنی خەڵکی بیانی لەسەر خاکەکەیان کە هەموو ئەمانەی بە بەڵگە و وێنەی دیکۆمێنتاری نیشانی ئامادەبووانی دا. هەر لە میانەی کۆڕەکە و زیاتر زانیاری، خاتوو شوعلە حەبیب ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی دەزگای خێرخوازیی سازکوردین بۆ خەبات، گوتی: ئێمە وەک ڕێکخراوکەمان و بەسەرپەرشتی خاتوو سازان ملکۆ مزوری بەرپرسی دەزگای خێرخوازیی سازکوردین بە باشمانزانی لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستان و ڕووداوکان بەدوای دۆست و تێڕوانینی لە هەموو ولاتانی ئەوروپا پەیڕەوی بکەین و ڕووناکی بخەینە سەر ئەو نووسین و توێژینەوانەی کە سایتە بیانییەکان کە لەسەر کورد نووسیویانە.



باڵیۆزی پێشووی قەتەر لە لەندەن بەدەستدرێژیکردنە سەر ژنێکی بەریتانی تۆمەتبار دەکرێت

رووداو: دادگایەکی لەندەن بڕیاریدا ژنێکی بەریتانی کە، پێشتر لە باڵیۆزخانەی قەتەر لە لەندەن کاریکردبوو، بەهۆی ڕووبەڕووبونەوەی "جیاکاری ئایینی و دەستدرێژی سێکسی" بە پێدانی500 هەزار دۆلار قەرەبوو بکرێتەوە. دیان کینگسۆن ژنێکی تەمەن 58 ساڵە و هاوڵاتیی بەریتانییە و لە یەمەن ژیاوە. داواکەی یاسایی لە دادگای کار-ی لەندەن تۆمارکرد لە دژی فەهەد ئەلمشێری، باڵیۆزی پێشووی قەتەر لە لەندەن بەهۆی ئەوەی چەندینجار داوای کاری سێکسی لێ کردووە، بەڵام بەهۆی ڕەتکردنەوەی، باڵیۆزەکە هەوڵی هەمان شتی لەگەڵ کچە 19 ساڵەکەیداوە.

کینگسۆن لە دانپێدانانەکەیدا بەدادگای لەندەنی ڕاگەیاندووە، کە باڵیۆزە قەتەرییەکە پێی ڕاگەیاندووە، کە پێشتر سێکسی لەگەڵ کچێک کردووە و کردوویەتییە ژن و بۆ ئەوەی لەڕووی سێکسییەوە زیاتر بیوڕوژێنێت داوای لێکردووە گیای "قات"ی هۆشبەر بخوات. ئەم ژنە بەریتانییە ڕاشیگەیاند، چەندینجار هەوڵیداوە بۆ ئەوەی ڕازی بکات دووڕە لەم جۆرە کارانە، بەڵام باڵیۆزەکە، سوور بووە و دواتر داوای کچەکەی کردووە بۆ شووکردن.

هێنری کیسنجەر: جەنگێکی ترسناکتر لە جەنگی جیهانیی یەکەم بەڕێوەیە



سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکی پێی وایە جەنگێکی مەترسیدار و ترسناکتر لە جەنگی جیهانیی یەکەم بەڕێوەیە. هێنری کیسنجەر، وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمەریکا (1973-1977) لە کۆڕبەندێکی وڵاتەکەی، ڕایگەیاندووە، دەبێ بە گرنگییەوە لە پەیوەندییە ئابووریەکانی چین و ئەمەریکا بڕوانرێت و لەڕووی سیاسییەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدرێت.

هێنری کیسنجەر پێی وایە ئێستا شەڕێکی سارد لەنێوان وڵاتەکەی و چین سەریهەڵداوە و بەپێویستی زانیوە بەرپرسانی هەردوو وڵات بە گفتوگۆ چارەسەری بکەن.

ئەو سیاسەتمەدارە هۆشداری داوە لە گۆڕانی ئەو جەنگە سارەد بۆ جەنگێکی گەورە و ڕایگەیاندووە، لە ئەگەری هەڵگیرسانی ئەو جەنگە، ئەوا جیهان ڕووبەڕووی کارەساتێکی گەورەتر لە ئاسەوارەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم دەبێتەوە، چونکە هەردوو وڵات چەکی بەهێزیان هەیە.

جەنگی جیهانیی یەکەم لە 1914/7/28 دروست بوو و تا 11ی مانگی 11ی 1918 بەردەوام بوو، کە تێیدا زیاتر لە 38 ملیۆن و 880 هەزار سەرباز کوژران، بریندارببوون و شۆنبزر بوون.

دەسەڵاتی دادوەری ئێران: نزیکەی 100 کەس لە ڕێکخەرانی خۆپێشاندانەکان دەستگیرکراون

ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ: زیاتر لە 1000 کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستبەسەر کراون

ئەمنستی ئینتەرناشنڵ: تا ئێستا 115 خۆپیشاندەر گیانیان لەدەستداوە



دەسەڵاتی دادوەری ئێران ڕایگەیاند کە نزیکەی سەد کەس لە ڕێکخەرانی خۆپێشاندانەکانی ئێرانیان دەستگیرکردووە. غولام حوسێن ئیسماعیلی وتەبێژی دەسەڵاتی دادوەری ئێران ڕایگەیاندووە کە نزیکەی سەد کەس لە ڕێکخەرانی خۆپێشاندانەکانی سەرانسەری ئێران لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە دەستگیرکراون، پێشووتریش بەرپرسانی ئێران ئاشکرایان کردبوو کە لە دوای دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکان هێزە ئەمنیەکان نزیکەی هەزار خۆپیشاندەریان دەستگیرکردووە.

غولام حوسێن ئیسماعیلی ئەو دەستگیرکراوانەی وەکو سەرکردەی خۆپیشاندان و ئالۆزییەکان وەسفکردووە. هەروەها عەلی خامنەیی ڕێبەری باڵای ئێران ئەو توندوتیژیەی هەفتەی ڕابردووی ئێرانی بە بابەتێکی ئەمنی لەقەڵەم داو گوتی ئەمە خۆپیشاندانی خەڵک نییە. خۆپێشاندانەکانی ئێران لە دوای زیادکردنی نرخی بەنزین دەستیپێکرد. لەلایەکی دیکەشەوە بە پێی ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنڵیش لانیکەم سەد و پازدە کەس لە خۆپیشاندەرانی ئێران لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە گیانیان لەدەستداوە. سەبارەت بە ژمارەی قوربانیانی ناڕازی لە ناوخۆی ئێران، ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەر ناشنڵ، دووەم ڕاپۆرتی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند: ژمارەی کوژراوەکانی ئەم خۆپێشاندانە بۆ سەد و پازدە کەس بەرز بوونەتەوە.

هیچ ژمارەیەکی لەبارەی کوژراو بریندارەکانی خۆپێشاندانی ناڕازیبووانی وڵاتەکەی بڵاو نەکردووەتەوە. لای خۆشیەوە ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردۆتەوە کە دوای دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکان لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات لەگەڵ باقی شارەکانی دیکەی کوردستان، زیاتر لە 1000 هاووڵاتیی کورد دەستبەسەر کراون. بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ڕۆژی شەممەوە زیاتر لە 300 هاووڵاتیی کورد لە شارەکانی کرماشان، جوانڕۆ، سنە، مەریوان، ئیلام، ئورمیە، میهران و بۆکان لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون. هەنگاو ڕاشیدەگەیێنێت ، هەتا ئێستا ناسنامەی40 کەس لەو دەستبەسەر کراوانە بۆ هەنگاو ڕوونبۆتەوە. ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕاشیدەگەیێنێت تا کاتی ئامادە کردنی ئەم هەواڵە چارەنووسی دەستبەسەر کراوەکان نادیارە.

ماکرۆن دانی نا بەوەی کە هەڵەی کردووە لە گرانکردنی نرخی سووتەمەنی

سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن، دانی بەوە دانا کە هەڵەی کردووە لە گرانکردنی نرخی سووتەمەنی کە بووە هۆی سەرهەڵدانی خۆپێشاندانی هێلەک زەردەکان. ئیمانوێل ماکرۆن لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی BFMTV ڕایگەیاند، پێویست بوو پارسڵ هەنگاو بنێن بۆ باشکردنی دۆخی دارایی کەسانی کەمدەرامەت و ئەوانەی دەرامەتیان مامناوەندە و ئۆتۆمبیلەکانیان بەکار دەهێنن بۆ چوونیان بۆسەر کار. ماکرۆن نەیشاردەوە ئەوان پارسڵ هەڵەیان کردوە لە گرانکردنی نرخی سووتەمەنی و گوتی پێویست بوو ئامادەکاریی باشیان بکردایە لەگەڵ گرانکردنی نرخەکە. باوەڕی خۆی نیشاندا لەوەش کە ئەوانەی ئەمڕۆ لە سەر شەقامەکانن هەمان ئەو کەسانە نین کە پارسڵ لە ناڕەزایەتییەکانی ئێلەگە زەردەکان بەشدارببون.

جێی باسە خۆپیشاندانەکانی هێلەک زەردەکان، لە 17ی تشرینی دووەمی ساڵی 2018دا لە وەک ناڕەزایەتیی لە دژی گرانکردنی نرخی سووتەمەنی و دۆخی خراپی پێشتریش دیپلۆماتکارێکی دیکە داوای لێکردووە، ئاهەنگی سێکسی بەکۆمەڵی بۆ ساز بکات و لەگەڵی گەشت بکات بۆ کوبا. ڕاشیگەیاند، کە زۆربەی کارمەندانی باڵیۆزخانەکە پێیانوابووە چونکە موسڵمان نەبووە، ئاساییە سێکسی لەگەڵ بکەن. دیان کینگسۆن دەرچووی زانکۆی عەدەنە لە یەمەن و زمانی عەرەبی بەباشی دەزانێت. ساڵی 2006 لە باڵیۆزخانەی یەمەن لە لەندەن کاریکردووە و دواتر لە باڵیۆزخانەی قەتەر لە لەندەن وەک سکرتێری باڵیۆز کاریکردووە و ساڵی 2014 دەرکراوە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو زاهیر زیانک بالەکی
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و کەسایەتی کۆمەڵایەتی بالەکی زاهیر زیانک بالەکی- مان پێگەیشت.
بەم بۆنە خەمناکەوە، هاوخەمیمان بۆ خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.
خودای گەورە دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
انا لله وانا اليه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو ڕزگار ڕەزا بەگ دەلۆ
بەدڵگرانیەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری شاری خانەقینرزگار ڕەزا بەگ دەلۆ- مان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
انا لله وانا اليه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو مام عوسمان کانی مارانی
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری بتوێن عوسمان قادر ناسراو بە عوسمان کانی مارانی و باوکی شەهید ئەحمەد- مان پێگەیشت.
بەم بۆنە خەمناکەوە، هاوخەمی بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
خودای گەورە خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی بە هەموو لایەکتان ببەخشێت.
انا لله وانا اليه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو کامەران شکور چایچی
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری چەمچەماڵ کامەران شکور چایچی- مان پێگەیشت.
هاوخەمی خۆمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
خودای گەورە خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت.
انا لله وانا اليه راجعون
بارەگای بارزانی

پارێزگاری هەولێر بۆ باشترکردنی دۆخی کارەبا لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆدەبێتەوە



بەمەبەستی باشترکردنی دۆخی کارەبا و زیادکردنی پێدانی کارەبای نیشتیمانی بەهاوبەشەکان، دوێنێ د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگا بە ئامادەبوونی تاهیرعەبدوڵا و هێمن قادر جێگرانی پارێزگار لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی دابەشکردنی کارەبا و سەرۆکی شارەوانی و فەرمانگاکانی تری ناو شاری هەولێر.

هەولێر کۆبوونەوەکەدا باس لە هاوکاری کەمبوونەوەی ڕێژەی پێدانی کارەبای نیشتمانی لە هەولێر و پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کرا و جەخت لەسەر باشترکردنی دۆخی کارەبا و چۆنیەتی زیادکردنەوەی پێدانی کارەبای نیشتمانی کرایەوە. جێگەی باسە چەند ڕۆژێکە بەهۆی گرفتێکی تەکنیکی لە ناکاو لە تۆڕی کارەبای نشتیمانی و بە هۆی بەکارهێنانی ئامێری گەرمکەرەوە فشارێکی زۆر لەسەر دابەشکردنی کارەبا دروست بووە، بۆ ئەم مەبەستەش پارێزگا و بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی کارەبا لەسەر هێڵە بۆ باشترکردنی دۆخی پێدانی کارەبای بە هاوڵاتیانی شاری هەولێر.

کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی نێوان دوو بنەماڵە چارەسەر دەکرێت



ئیسماعیل بەرپرسی لقی16 ی هەولێری پارتی و بەهەواڵی بەردەوامی خێرخوازان، لەهۆڵی بۆنەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بەئامادەبوونی مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتی و ڕیشسپی و پیاو ماقوڵانی سنوورەکە کێشەی کۆمەڵایەتی لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتی هاونیشتمانیانی سنوورەکەو ڕەخساندنی کەشێکی ئارام و لەبار بۆ تەواوی هاوڵاتیان بەنێوەندگیری هەریەکە لە کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێرو بڵند نێوان هەردوو بنەماڵەی مەلا عەلی گەلاڵی و محەمەد حاجی زراری چارەسەرکرا.
لەدەسپێکی دانیشتنی ئاشتەواییەکەدا کاکەمین نەجار ویژای سوپاسی گەرمی بۆ هەردوو خانەوادەی ناوبراو بۆ دەنگەوەهاتنیان بە کێشەی نێوانیان، هیوای خواست ئەم هەنگاوە سەرەتایەک بێت بۆ دەستپێکردنەوەی تەبایی و برایەتی نێوانیان.
دواتر بڵند ئیسماعیل ئاماژەی بەوە دا، کە ڕێککەوتنەکە نەک تەنها سوودی بۆ ئەو دوو بنەماڵە دەبێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر تەواوی خەڵکی سنوورەکەش دەبێت. لە کۆتاییدا هەردوو بنەماڵە سوپاسی خۆیشیان ئاراستەی هەموو ئەو کەس و لایەنانە کرد کە بەوپەڕی پەرۆشییەوە ئەرکیان کێشا لەچارەسەرکردنی کێشەکەیان و بەڵێنیاندا کە جارێکی دیکە ڕێگە نەدەن هیچ کێشەیەک لەنێوانیان دروست بێتەوە.

د دەمەکا نێزیک بالیوزخانا ئەرمەنستانێ ل هەولێرێ ئێتە ڤەکرن



ل بارەگایێ لقێ هەشت یێ پارتی، عەلی تەتەر ئەندامێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ هەشت ل زاخو و کارگێرێن لقێ هەشت و قائمقامێ زاخو و هەژمارەکا پەلەمانتار و ئەندامێن جڤاتا پارێزگەها دهوک و بەرپرسێن دەڤەرێ پێشوازی ل راجیا بولادیبان بالیوزێ ئەرمەنستانێ کرن و دیدارەکێ بەحسێ ڕەوشا ئەرمەنان ل دەڤەرا زاخو وهەرێما کوردستانێ هاتە کرن وپەیوەندییێن دیروکی بێن دناڤبەرا هەردوو گەلێن کورد وئەرمەنان دا هاتنە کرن و تەکست ل سەرپێشڤەبرنا وان پەیوەندیان هاتە کرن ودڤێ دیدارێ دا بالیوزێ ئەرمەنستانێ خوەشحالیا خوە نیشاندا ژبو وێ ڕەوشا ئەرمەن ل دەڤەرا زاخو ول کوردستانێ بگشتی تێدا دژین وهەروەسا ڕاگەهاندە کو ل نێزیک حوکمەتا قونسلی یا ئەرمەنستانێ ل هەولێرا پایتەخت دئێتە ڤەکرن. ژلایەکێ دی ڤە دیارکر کو نها نێزیکی 450 قوتابیێن کوردستانێ ل ئەرمەنستانێ دخوێن وهیڤێ خواستن کو ل داهاتی پەیوەندیێن ئابوری وبازرگانی وگەشت گوزاری وزانستی ژی دناڤبەرا هەرێما کوردستانێ وئەرمەنستانێ بەرفرەهتر بێن.

دایکە عایشە عومەر هاوسەری مام حەمەدئەمین دەرگەڵەیی کۆچی دوایی کرد



خەبات- سەفەر ژلاوکی: خوالێخۆشبوو دایکە عایشە عومەر هاوسەری مام حەمەدئەمین دەرگەڵەیی ساڵی 1929 لە بەحری ڕەش نزیکی ئۆزبەکستانی سەر بە سۆڤیەتی جاران لە دایکبووە، دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی بریاری منداڵ، ساڵی 1959 بریار دەدا لەگەڵ هاوسەری بگەڕێتەوە کوردستان، لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هاوسەری دەبێتە پێشمەرگە و ئەوەیش یەکێک لەو ئافرەتانەی کوردستان بووە کە هاوشانی هاوسەری لە دەڤەری سۆران و ڕەواندز و باڵەکایەتی هاوکاری پێشمەرگەکانی ڕێبازی نەمر دەکات. خوالێخۆشبوو ئافرەتێکی دڵسۆزو بەردەحم و خۆراگر بووە کە هەمیشە هانی ئافرەتانی دوێنی و ئەمڕۆ داوە کە نەوەکانتان فێرە خەباتی بارزانیی نەمر و میژووی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن.ماوەی چەندین ساڵ تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی 90 کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی قەزا بە خاک سپێردرا.
مان و نەمانیان دا و پەنایان بردە سۆڤیەتی جاران، ساڵی 1951 لە ئاوارەییدا خوالێخۆشبوو ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مامحەمەدئەمین دەرگەڵەیی پێکهێناوە و دەبن خاوەن 4

بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی: کەرتی ئابووری گەشەی باشی بە خۆیەوە بینیوە

مەحمود عوسمان، بەڕێوەبەری گشتیی ئاماری سلێمانی، بە مانۆپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش و باشبوونی ئابووریی هەرێمی کوردستان، ڕێژەی بێکاری و هەژاری بەرەو کەمبوونەوە چووە و ئێستا ڕەوشەکە زۆر بەرەوپێشچوونی باشی بە خۆیەوە بینیوە، چونکە لە ساڵی 2016 ڕێژەی هەژار گەیشتبووە 14% و ڕێژەی بێکاری 16%، بەڵام لە ساڵی 2018 بەدواوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.
بەڕێوەبەری گشتیی ئاماری سلێمانی دەشڵێت: ئەمساڵ گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان پەیدا بووە، بەتایبەتی دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەنگاوی زۆر باش نراوە بۆ ئەوەی ڕەوشی ئابووری بەرەو باشتر بچێت و ڕاستە هێشتا نەگەیشتووینەتە پێش قەیران، بەڵام خەریکە نزیک دەبینەوە لەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری بەرەو ئاستێکی زۆر نزم بەرین. بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروو عێراق، مەحمود عوسمان گوتی: ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، لە نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراقدا قەت بەراورد ناکرێت، لەبەر ئەوەی سەرەڕای بودجەیەکی کەم، زۆرترین خزمەتگوزاری پێشکەشی خەڵکی کوردستان کراوە، کەچی هاوڵاتییانی عێراق بە داهاتێکی زۆر و ئەو هەموو قەرزە نێودەوڵەتییەشەوە هێشتا بە دەست نەبوونی کەمترین خزمەتگوزارییەوە دەنالێنن و ئەوان تەنیا توانیویانە بە ناوی حەشدی شەعبیەوە مووچە بۆ خەڵکێک ببڕنەوە، بەڵام لە هەموو خزمەتگوزاریی دیکە بێبەش کراون، خۆپێشاندانەکانیش دەبینین چ کارەساتێکە لەو ناوچانە و ژیانی خەڵکی چوونە.

سنووری گوڵاڵە... تەقینەوەیەک ڕووی دا

خەبات- سەبریە یوسف: پێش نیوەڕۆی دوێنێ لە ئاکامی تەقینەوەیەک لە سنووری شارەدێی گوڵاڵەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین، جووتیارێک بریندارببوو. لەو بارەوەن بەشیر عەبدوڵا، ئەندامی کوردی ئەنجوومەنی شارەوانی جەلەولا بە خەباتی ڕاگەیاند: پێش نیوەڕۆی شەمە بۆمبێکی چێنراو لەباخی جووتیارێکدا لە سنووری ناوچەی شێخ باوەی نێوان شارەدێی گوڵاڵەو شارۆچکەی کەلار تەقیەوە و لە ئەنجامدا جووتیارێک بریندارببووەو ڕەوانەی گوڵاڵە کراوە. ئەو بەرپرسەی ڕاشیگەیاند تیرۆریستانی داعش لەناوچەکەدا هەن و بەردەوام کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن و بۆمب دەچێنن.

چاودێریی بازرگانیی هەولێر دەستی بەسەر 18 تەن خەلی ماوەبەسەرچوودا گرت



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دوێنێ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی هەولێر لەچوارچێوەی کارو چالاکیەکانیان دەستیان بەسەر 18 تەن خەلی ماوەبەسەرچوودا گرتن، لەمبارەیەوە هێمن سەید مراد بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر ڕوونیکردەوە: لەئەنجامی گەڕان و بەدواداچوونی تیمەکان لەناو شاری هەولێر دەست بەسەر 18 تەن خەلی ماوەبەسەرچوودا گیرا کە لە کۆگایەکدا حەشاردرابوو، ئەبوبوو لەلایەن تیمەکانەوە لە زبڵخانەی کانی قرژاڵە لەناوبردران. دواتر دەربارەی سزادانی ئەو کەسانە بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر گوتی: ئەو کەسانەی کە کاری نایاسایی ئەنجام دەدەن بەپێی یاسا سزا دەدرێن بەڵێننامەیان لێ وەردەگیرێت تا بۆ جارێکی دیکە کاری

کێشی ئوتومبێلی بارهەڵگر لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دیاری کرا



خەبات- فاتیح: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاری دا بە دووبارە داڕشتنەوەو هەموارکردنەوەی کێشی ئەکسلی ڕێپێدراو ئوتومبیلی بارهەڵگر کە بەپێی ئەو بڕیارەی کە واژۆی ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی بەسەرەوەیە و ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ڕێگاوبانەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک کراوە و تیایدا بڕیار دراوە بە دووبارە داڕشتنەوەو هەموارکردنەوەی کێشی ئەکسلی ڕێپێدراو، هاوکات هەڵوەشاندنەوەی نوسراوی پێشووی وەزارەت
ژمارە 2574 لە ڕۆژی 2019/6/20ی تایبەت بە دیاریکردنی کێشی ئوتومبیلی بارهەڵگرەکان و هەربەپێی بڕیارەکە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بڕیاریدا بە پێدانی بڕی باری سەربار بۆ ئەو ئوتومبێلە بارهەڵگرانەی کە لە خشتەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ڕێکخراون هاوکات ئاماژەشی بەوەداوە کەلەکاتی پێویست بەپێی قۆناغ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەڵدەستێ بە زیادکردنی بڕگەی تازەو هەمواکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی هەر بڕیارێک کە لەبەر بەرژەوەندی گشتی و یاسا ئەو بڕیارەیداوە.

کۆبوونەوەیەکی فراوان لە پارێزگای هەولێر بەڕێوەچوو

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی تەواوکردنی پرۆژە جێماوەکانی کارەبا بودجەیەک تەرخان دەکات

پارێزگاری هەولێر: لە ئێستادا هەوڵ دەدەین لەم بودجەیە چی پێویست بێت لەم کاتەدا بۆ کارەبای سەرف بکەین

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر: کێشەکان کەڵەکەبووی چەند ساڵەن و ئەو توانایە لەبەردەستدا نەبووە چارەسەریان بکەین

خەبات: هاوار مورتکەیی

ئەمڕۆ کێشەی کارەبا یەکێکە لەکێشە هەرە دیارەکانی هەرێمی کوردستان و ماوەیەکی زۆرە هاوڵاتیان بەدەست ئەم کێشەوە دەنالێنن، ئێستاش لەگەڵ نزیک بوونەوەی زستان و وەرزی سەرماو سۆڵ، کێشەکە زیاتر ڕەق بۆتەوە و زۆر لەوەی چاوەڕوان دەکرا کارەبا کەم بۆتەوە بەشێوەیەک کە ماوەی پێدانی کارەبای موولیدە ئەهلیەکان لەکارەبای نیشتمانی زیاتر بووە، بۆ ئەم مەبەستەش دوێنێ لە پارێزگای هەولێر کۆبوونەوەیەکی فراوان بەڕێوەچوو، کە تیایدا چەندین بڕیار و ڕێنمایی لەم بوارەوە درا.



کۆبوونەوەیەکی بەپەلە

ئەو بارودۆخە خراپەی ئەمڕۆی کارەبا وای لە لایەنە پەیوەندارەکان کرد کە لە ڕۆژی پشوودا لەهەوڵی چارەسەر و کەمکردنەوەی کێشەکەدا بن، ئەوەبوو دوێنێ د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بە ئامادەبوونی هەردوو جێگری پارێزگار و قایمقامی ناوەندی هەولێر و سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر و هەروەها بەڕێوەبەرانی کارەبای سۆران و شەقلاوە و مەسیف و بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی کارەبا، لە دیوانی پارێزگا سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی دەربارەی سێکتەری کارەبا لە هەولێر کرد.

پێویستە دۆخەکە باشتر بکرێت

لەدەستپێکی ئەو کۆبوونەوە فراوانەدا پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بە کێشەی کارەبا کرد کە ناکرێت بەوشێوەیە بەردەوام بێت و داوایکرد کە چی پێویستە لەم کاتەدا بۆ کارەبا بکرێت بۆ ئەوەی مەینەتی هاوڵاتیان لەمبارەیەوە کەمتر بکرێتەوە، لەنێو 10 تەلەفۆن کە لەلایەن هاوڵاتیانەوە بۆم دیت، 5 تەلەفۆنیان تایبەتە بەکێشەی کارەباوە، واتە کێشەکە تەواو هاوڵاتیانی بێزارکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش پارێزگاری هەولێر داوای کرد کە دیراسەیەکی دۆخەکە بکرێت، بەتایبەتیش کە حکومەتی هەرێم بودجەیەکی گونجاوی بۆ سێکتەری کارەبا بەگشتی و بۆ هەولێر بەتایبەتی دابین کردووە، بۆیە پێویستە کێشە لەپێشینەکان و ئەو پرۆژانەی کەماون تەواونەکراون هەوڵ بدرێت سوود لەم بودجەیە وەرگیرێت و دۆخەکە باشتر بکرێت و ئەو بودجەیەش دەتوانین لەمڕۆوە خەرجی بکەین.

نەبوونی توانای دارایی

دواتر ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر بەدرێژی باسی لەکێشەکان کرد و گوتی: ئەو کێشانەی کە ئەمڕۆکە لەئارادان، کێشەکەلەبووەکانی چەند ساڵ پێش ئێستایە، چونکە ئەو توانایە نەخراوەتە بەردەستمان بۆ ئەوەی چارەسەریان بکەین، دەبینین پسپۆڕژبەردەوامەکان زۆری لەهەولێرن بەوپێیەی پایتەختی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەو پێوەرە مامەلە لەگەڵ هەولێر نەکراوە، ئەگەر بەغوونە باس بکەین، ئێمە (7وێستگەی 132 کەی ڤی)مان هەیە، لەساڵی 2003وە ئێمەدەبوایە 7 وێستگەی دیکەمان هەبوایە، ئێستا ئێمە باری 14 وێستگە بە 7وێستگە ڕادەپەڕینین و دابەشی دەکەین، دەبێ لەمەدا چی ڕووبدات، بێگومان کێشە لەسەر کێشە دێنە پێشەوە.

کڕینی محەویلە

هەروەها بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر زیاتر گوتی: ئەوەی گرنگە لەم کاتەدا ئەو پارەیە بەخێرایی سەرف بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین ژمارەیەک محەویلە بکڕین، چونکە کە محەویلەی گەرەکێک دەسووتێ، ئەو هاوڵاتیانەی لەسەر ئەو محەویلەیەن بێ کارەبا دەبن تا ئەوکاتەی محەویلەکەیان بۆ چاک دەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر محەویلەی یەدەگمان لەبەر دەست بێت ئەوا دەمودەست دەتوانین ئەو محەویلە یەدەگە لەشوێنی محەویلە سووتاوەکە دابنرێتەوە، هەروەها ئەو پرۆژانەی کەماون و بەنیوەچلی بەجێهێلراون پێویستە دەستیان پێبکرێتەوە و تەواو بکرێت، هەورەها کەموکوڕیمان لە فەرمانبەر هەیە و تا ئێستا داوامان کردووە ژمارەیەکیان بگرێبەست بۆمان دابین بکەن بۆ ئەوەی وێستگەکان کە دادەمەزرێن لەسەر ی کاربکەن.

ڕاپەڕاندنی کارەکان بەخێرایی

د. فرسەت سۆفی پاریزگاری هەولێر داوای لە بەڕێوەبەرانی کارەبا کرد کە ئەوەی زۆر پێویستە لەم کاتەدا کاری بۆ بکرێت، دەرخستەی بۆ بکرێت یان ئەوانەی دەرخستەیان بۆ کراوە بیگەیەنن دەستی و تا بەزووترین کات لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی کاری لەسەر بکەن و پارەی پێویستیان بۆ سەرف بکرێت، ئێمە کە ئێستا بودجەیەکمان بۆ تەرخان کراوە پێویستە پرۆژە لەپێشینەکان و ئەوانەی لەتوانای ئەو بودجەیەدا هەیە کاری لەسەربکەین و جێبەجییان بکەین.

دابینکردنی موولیدەی بێدەنگ

تەوەرێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە پەیوەست بوو بە موولیدە ئەهلییەکانەوە دیارە ئەویش کێشەی هەیە و هاوڵاتیان گلەییان لەسەری هەیە، بەتایبەتیش کە چەند موولیدەیەک زۆرنزیکن لەناومالآنەوە و دەنگەکەی هەراسانی کردووە، لەمبارەیەوە تاهیرعەبدوڵلا جێگری پێشووی پارێزگاری هەولێر رایگەیاند کە دان بەو راستییەدا دەنێین کە موولیدە ئەمڕۆکە بۆتە ئەمری واقیع و لەم کاتەشدا ناتوانین دەستبەردار بین، بەڵام دەتوانین کوالیتیان بەرزبکەینەوە و هەوڵ بدرێت موولیدەی بێدەنگ (کاتم) لەئایندەدا بەکاربهێنرێت.



بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر: لەساڵی 2003ەوە دەبوایە 7 وێستگەی دیکەمان هەبوایە، ئێستا باری 14 وێستگە بە 7 وێستگە ڕادەپەڕینین





نەوزاد کەلهوڕ

کاریگەری ژینگەو بۆ ماوە لەسەر زیرەکی منداڵان

ئەگەر بە وردی سەرنجی دەوروپشتی خۆمان بدەین ، هیچ شتێک نابینین کە لە سەدا سەد بەیەک بچن ، هەر بۆ نمونە گەر تەماشای مرۆڤ بکەین کەم واریک دەکەوێت دوو کەسی تەواو بەیەک بچن ، ئەگەر هاتوو ئەو دوو کەسە دووانە (جمک) یش بن ، ڕەنگە لە شێوەو ڕوخسار زۆر لەیەکەوە نزیک بن ، بەڵام سەیر دەکەین لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاردا لەیەک جیاوازن ، کەواتە هەندێک شت هەیە لەیەکتریان جیا دەکاتەوە. زیرەکی یەکێکە لە کردارەکانی عەقڵی ، ئەو زیرەکییەش جیاوازی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە هەیە .

دەروونزانەکان بۆ ڕێژەی زیرەکی منداڵ هۆکاری ژینگەو بۆماوە بە دوو هۆکاری سەرەکی دەزانن ، بەڵام تاکو ئێستا ساغ نەبۆتەوە کە کامیان زیاتر کاریگەری لەسەر زیرەکی هەیە ، بۆ نمونە کەمبوونی ژمارەی کروموسوم لە ڕێژەی سروشتی خۆی کاردەکاتە سەر پلەی تێگەیشتن ، هەروەها زیادبوونی ڕێژەی کروموسوم دیسان کار لە پلەی زیرەکی منداڵ وتووشی کەم عەقڵی دەکات کە ناسراوە بە (مەنگولی) ، بەشێکی دیکەی زانایانی دەروونزانی لەو باوەڕەدان کە هۆکاری بۆماوە لە بەشێکی کەمی ئەو جیاوازیەدا بەرپرسە ، ئەوەی زیاتر لە ڕێژەی زیرەکی منداڵا بەشدار دەبێت هۆکاری ژینگەیە ، ژینگە بە پلەی یەکەم بەرپرسە لە ڕێژەی زیرەکی و هەر ژینگەیە دەتوانێت گەشە بەپەرەپێدانی عەقڵی مرۆڤ بدات .

لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا لەسەر دوو کۆمەڵە منداڵدا کرا ، کە کۆمەڵەی یەکەم پشت بە تواناکانی خۆیان بەسترا ، کۆمەڵەی دووەمیش خرانە ژێر چاودێری کردنی پەروەردەیەوە ، وەکو دەرکەوت کۆمەڵەی یەکەم بە ئاسایی خۆیان دەڕۆیشتن ، بەڵام هەرچی کۆمەڵەی دووەم بوو ڕێژەی زیرەکیان لەسەدا 25% زیادی کردووە ، ئەگەرچی ئەو ڕێژەیە کەمە ، بەڵام بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە دەتوانین ڕێژەی زیرەکی بە هۆی ژینگەی گونجاو لەبارەوە زیاد بکەین.

هەتا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەک نەکراوە لەسەر ئەوەی بیسەلمێنن کە نەتەوەیەک زیرەکتر بێت لە نەتەوەیەکی دیکە ، ڕەنگبێت پرسیارێک بە خەیاڵی یەکێک دابێت و ، پرسیار بکات و بڵێت ئەی ئەوە نیە فلانە میللەت هەر ڕۆژەی داهێنانێک دادەهێنن و ، هەندێک میللەتی دیکەش داهێنانیان نیە ، لە وەڵامدا دەڵێن ئەو میللەتانەی داهێنانیان کردووە هۆکارەکەی بۆ ژینگە دەگەڕێتەوە نەک بۆ ڕێژەی زیرەکیان لەسەر کەسانی دیکە . ئەو تاقیکردنەوانەی لەسەر زیرەکی کراون واپیشان دەدەن کە ڕێژەی زیرەکی لە نێوان ئەو منداڵانەی لەخێزانی هەژارو کەم دەرامەت پەروەردە دەکرێن لە (20-30) پلە لەچاو ئەو منداڵانەی کە دەوڵەمەندن کەمترە ، هۆیەکەشی بۆ خراپی ژینگە دەگەڕێتەوە بۆ نمونە ، ئەو کاتەی دایک سک پڕە بووە تووشی بەدخۆراکی بووە کاری لە کۆرپەلە کردووە ، لەپاش جیا بوونەوەی منداڵ لە دایکی کەمی چاودێری پزیشکی و خۆراک کار لە منداڵەکە دەکات ، هۆیەکی دیکەی خێزانە کەم دەرامەتەکان ئەویش کە بەستراوەتەوە بە ژیانێکی پڕ لە دەنگ و ئالۆز کە منداڵ ناتوانێت گوێی لە زانیاری تازە بێت و بتوانێت توانستی زمانی پآ پاراو بکاو سامانی زمانی زیاد بکا ، هەروەها ئەو دایک و باوکەی کە کەم دەرفەتن ڕۆژگار زۆر ماندوو هیلاکی کردوون کاتێکی خۆیان تەرخان نەکردووە بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی بیری منداڵەکانیان و دەتوانین باێین تا ڕادەیەکی زۆر منداڵەکانیان فەرامۆش کردووە ئەوە وایان لێدەکا هەرچی بەهرەیان هەیە هەمووی لە شوێنی خۆیدا ببوکێتەوە وەکو گوڵێک لەسەرەتای پشکوتنی هەڵبوەرێت ، بە پێچەوانەی ئەو خێزانانەی کە باری گوزەرانیان باشە ، کاتێکی دیاریکراو بۆ گەشانەوەو پەرەپێدانی منداڵەکانیان تەرخان دەکەن گۆڤارو ڕۆژنامەی منداڵانیان بۆ پەیدا دەکەن لە هەمانکاتیشدا توانایان هەیە منداڵەکانیان بەشداری پێبکەن لەو خولانەی کە ئاڕەزویان لێ هەیە ، کەواتە ژینگەیەکیان بۆ دابین دەکەن کە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ زیادکردنی ڕێژەی زیرەکی ، هیچ بە دوور نازانرێت کە کەسانی خاوەن بەهرەی وەکو بتهوڤن و موزارت لەو کوردستانەی ئێمە لە دایک بوویننە بەڵام ژینگە لەبار نەبووە بەهرەکەیان پوکاوەتەوەو کەس پێینەزانیونن ، یاخود بە پێچەوانەوە گەر بتهوڤن و موزارت خەڵکی وڵاتێکی دووەکەوتوو بونایە نەیان دەتوانی سەمفونیایەکانی خۆیان دابهێنن.

ئەوەی زیاتر مەبەستە ئەوەیە ماوەیەک بەر لە ئێستا پەسندکراوە کە لەمەودوا منداڵ لە تەمەنی 5 سالادا بچێتە قوتابخانە ، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو تەمەنە گونجاو بۆ ئەوەی منداڵ بچێتە قوتابخانە یاخودنا! ئایا پلەی زیرەکی ئەو منداڵا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە زانیاریەکانی قوتابخانە وەکو پێویست وەربگرێت !ئایا دەتوانێت لە چوون و هاتنەوەی بۆ قوتابخانە پشت بە خۆی ببەستێت!

ئەمڕۆ لە دنیای پێشکەوتوودا دوو ئاراستەی دژ بەیەک هەیە لەسەر ئەو تەمەنە ، ئاراستەی یەکەم کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پشتیوانی لێ دەکات و دەڵێت : ئێمە واتە (ئەمەریکا) وڵاتێکین ئالیات و ئیمانکانیات و تەقەنیاتمان هەیە ، بە هۆی ئەوانەوە دەتوانین منداڵ لە تەمەنی 5 سالیدا ئامادە بکەین بۆ خوێندنی ڕەسمی ، چونکە سەردەمی تەکنەلوژیا وامان داوا لێدەکات.

بەهۆی دابڕانت لەکارەکەت لەبەرواری(٢٠١٩/٩/١٥)وە نەگەڕانەوەت بۆ سەرکارەکەت بەبێ ئاگادارکردنەوەی سەروی خۆت پێت راگەیەنین پێویستە دەست بەکار بیتەوە لەماوەی (٧) حەوت رۆژ گەر لەناو عێراق دابیت وە لەماوەی(٣٠) سی رۆژ گەر لەدەرەوەی عێراق دابیت، بەپێچەوانەوە بەدەست لەکار هەڵگرتوو دادەنرێیت بەپێی برگەی(٢) دوو لەمادەی(٣٧) سی و حەوت لەیاسای خزمەتگوزاری شارستانی ژمارە(٢٤) بیست و چواری ساڵی(١٩٦٠)ی هەمواركراو.
پ. د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆ
***
وەزارەتی خوێندنی باڵو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە
ژمارە/ ٨٠٩٥/٢٤/٧
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٣
بۆ بەڕێز/ ئالان محمد عبدالله
بەناونیشانی(مامۆستا) لەسەر میلاکی
زانکۆمان/ فاکەڵتی ئەندازیاری
دوا راگەیاندن
بەهۆی دابڕانت لەکارەکەت لەبەرواری (٢٠١٧/٩/١)وە نەگەڕانەوەت بۆ سەرکارەکەت بەبێ ئاگادار کردنەوەی سەروی خۆت پێت راگەیەنین پێویستە دەست بەکار بیتەوە لەماوەی (٧) حەوت رۆژ گەر لەناو عێراق دابیت وە لەماوەی(٣٠) سی رۆژ گەر لەدەرەوەی عێراق دابیت، بەپێچەوانەوە بەدەست لەکار هەڵگرتوو دادەنرێیت بەپێی برگەی(٢) دوو لەمادەی(٣٧) سی و حەوت لەیاسای خزمەتگوزاری شارستانی ژمارە(٢٤) بیست و چواری ساڵی(١٩٦٠)ی هەمواركراو.
پ. د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆ
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٤٧٢١/ش/٢٠١٩/٤
رێکەوت:٢٠١٩/١١/٢٠
جاردان
بۆ داوالێکراو (سامان عثمان صابر)
ئامـاژە بـە داوای ژمـارە (٤٧٢١/ش/٢٠١٩/٤) کـە تایبەتـە بـە داواکار (ئاشـنا عثـمان سـعید) وە داوالێکراو (سامان عثمان صابر) کە جۆری داوا بریتیە لە (تفریق للهجر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری مامۆستایانی زانکۆ دادگا بڕیاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی ٢٠١٩/١٢/١١ کە خۆت ئامادەبێت یان بریکارێک یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٣٦/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٩
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣٣٦/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژنافبرا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (٦٤٩/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێک زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ رۆژا دا دەست پێدکت ژ رۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو روژنامێن روژانەدا و هەرکەسێ بڤێت پکشداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەردانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژکوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێک زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێک زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
سەخلەت:-
جوریێ ئاقاری مولکینی یە و رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) روویەرێ وێ (٢٥٠)م٢، و دیرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو و، چ خزمەت گوزاری لێ نینن نەرێ نە ئاف و نە کارەب.
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٣٣/ب/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/١٩
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣٣٣/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژنافبرا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (٦٣٠/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێک زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ رۆژا دا دەست پێدکت ژ رۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو روژنامێن روژانەدا و هەرکەسێ بڤێت پکشداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەردانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژکوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێک زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێک زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
سەخلەت:-
جوریێ ئاقاری مولکینی یە و رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) روویەرێ وێ (٢٥٠)م٢، و دیرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو و، چ خزمەت گوزاری لێ نینن نەرێ نە ئاف و نە کارەب.
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣١٢/ب/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/١٩
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣١٢/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژنافبرا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (٦٣٣/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێک زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ رۆژا دا دەست پێدکت ژ رۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو روژنامێن روژانەدا و هەرکەسێ بڤێت پکشداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەردانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژکوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێک زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێک زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
سەخلەت:-
جوریێ ئاقاری مولکینی یە و رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) روویەرێ وێ (٢٥٠)م٢، و دیرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو و، چ خزمەت گوزاری لێ نینن نەرێ نە ئاف و نە کارەب.
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٣٦/ب/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/١٩
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣٣٦/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژنافبرا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (٦٤٩/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێک زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ رۆژا دا دەست پێدکت ژ رۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو روژنامێن روژانەدا و هەرکەسێ بڤێت پکشداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەردانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژکوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێک زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێک زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
سەخلەت:-
جوریێ ئاقاری مولکینی یە و رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) روویەرێ وێ (٢٥٠)م٢، و دیرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو و، چ خزمەت گوزاری لێ نینن نەرێ نە ئاف و نە کارەب.
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٣٦/ب/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/١٩
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣٣٦/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژنافبرا بەهرا (ازالة شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (٦٤٩/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێک زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ رۆژا دا دەست پێدکت ژ رۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو روژنامێن روژانەدا و هەرکەسێ بڤێت پکشداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەردانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژکوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێک زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێک زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
سەخلەت:-
جوریێ ئاقاری مولکینی یە و رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) روویەرێ وێ (٢٥٠)م٢، و دیرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو و، چ خزمەت گوزاری لێ نینن نەرێ نە ئاف و نە کارەب.
***
دادگەها بەرایی زاخو

باطوفە) یا ژمارە (١٦٤٠) ل (٢٠١٩/١١/١٤) و نڤیسارا بەرێژارێ تاخنێ (گولان) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا نامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢٠١٩/١١/٢٦ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە نامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٣٦٣٤/ش/٢٠١٩/٤
رێکەوت:٢٠١٩/١١/٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (امین مذکور فهد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سوسن حیدر رسول) داوای ژمارە (٣٦٣٤/ش/٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (التفریق بسبب الهجر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعارەکانی موختاری (٧ حصاروك) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەیێ راگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٣ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ٤٧٥٧/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣٠
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پارێزەر نازاد قاسم مولود
بریکاری گشتی بەرێوەبەری گشتی
زەکی ئیهام ئوغلو بەرێوەبەری گشتی
فامیلی فان سەرەرای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (سردار حسن کانبی)
بەرێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشدارێتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر نازاد قاسم مولود بریکاری گشتی بەرێوەبەری گشتی زەکی ئیهام ئوغلو بەرێوەبەری گشتی فامیلی فان سەرەرای کارەکەی) بە ژمارە (٢٣/٤٩١٧٢) لە ٢٠١٩/١٠/٢ بەمەبەستی هۆشداری کردنت بەوەی کرێچیت لە بەشێک لە مولکی ژمارە Z- ٤٩ بۆ دانی کرێکانی مانگی (٣ - ٤- ٥- ٦- ٨) ساڵی ٢٠١٩ کە نەتداوە کە کرێی کەڵەکەبووەکانی سەرت بەبری $٢٠٩٧٥ بیست هەزار و نۆسەدو حەفتاو پێنج دۆلاری ئەمریکی لەگەڵ قەرزی خەدەمات بەبری (١٦٩٥٠) شازدە هەزار و نۆسەدو پەنجا دۆلاری ئەمریکی لەماوەی (٨) هەشت رۆژدا وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی سەفین ٣/٢/١ لە شاری هەولێر لە ٢٠١٩/١٠/٢١ بۆیە لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم
دادنووسی یەکەمی هەولێر
***
دادگای باری کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٣١٢/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١١/١١
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (ریبر یونس مراد) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١١/٥ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (رڤین عبدالجبار سلیمان) بریاردا ب (التفریق) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە رۆژان ژ رۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامەی وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / زیرڤان احمد حسین
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٣٨٠/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٠
ئاگەداری
بۆ / قەرزار : اسماعیل سعید احمد
لەبەر نەزانین ونەیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماددە (٢٧)ی یاسای جێ بە جێ کردن بریاردرا لە رێی رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥/پانزدە) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (نصیر هلال شوکت/المدیر المفوض لشرکه ارض الافراح) کە (٣٣٦٨٠٠٠٠) سیە وسێ ملیون وشەش سەد وهەشتی هزار دینارى عیراقی یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بەجێ کاری داد/ ریبر سلمان خالد
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٣٠١١ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٠
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (صبری توما یاقو)
ژبەر نەزانینێ نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥/ پانزدە) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ نامادەبی لڕیڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارین جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی پێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/ ٢٠٠/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١١/٢٠
بۆ داوالێکراو (کوفان حسام عبدالرحمن)
جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە
ئەم دادگایە لە داوای شەرعی ژمارە (٢٠٠/ش/٢٠١٩) لە رێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٨ لە سەر داوای داواکار (دعاء فؤاد فاروق) بریاری پا شملەی دەرکردووە کە تایبەتە بە لێکجیابوونەوە لە نێوانتان(التفریق) وڵەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بریاری پا شملە لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی رازی نەبوون وپێداچوونەوەت هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاسایدا وبەپێچەوانەوە ئەم بریارە پلەی بنبر وەردەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / رمزی عبدالله اسلام
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە: ٥٩٠/ب/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/٩/٢
راگەهاندن
بۆ/ داوالێکری: سردار رمضان ناصر-
جهێ ئاکنجیبوونێ نەدیارە
ڤێ دادگەهێ د داوایا ژمارە ٥٩٠/ب/٢٠١٩ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/١ بریاردا زڤراندنا زێری یان دانا تە کوژمێ پارە (٨,٤٠٠,٠٠٠) هەشت ملیون و چارسەد هەزار دینار بۆ داواکاری (هلڤین حجی علی) دگەل مەزاختێنێن داوایێ ب ریژەیی و ماندی بوونا پارێزەران یا بڕێکار داواکاری پارێزەران (عائشه عبدالله علی و رمزیه محمد طاهر و هلبین حسن) ژ کوژمێ پارە (٨٤٠,٠٠٠) هەشت سەد و چل هەزار دینار و دگەل مەزاختێنێن داوایێ ب ریژەیی و ژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین گولان یا ژمارە ٣٥٠٣ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٨/٢٨ و قەژارا هەلبژارێ سوسنا ل رێکەفتی ٢٠١٩/٨/٢٨ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریارا ناڤبری ڤێ دادگەهێ بڕێکا دوو روژنامێن نافخۆیی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی و تە مافێ نەرازیبوونی و تنێهلچوونی و پێداچوونی هەیە دماوێ یاسایی دا بەرو ڤاژی دی بریار پلا ڤەبر وەرگریت لدیف یاسایی.
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
***
دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە: ٨٧٥/ش/٢٠١٩
رێکەفتی: ٢٠١٩/١١/١٢
ئاگەهداری
بۆ/ داوالێکری (کامیران احمد طیب)
ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٩/٢٣ێ د کێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە تومارکرن ژ لایێ داواکار (ماجده عبدالکریم سرحان) بریاردا ب (تفریق القضائی) نافبەرا تە و هەڤژینا تە یا داواکار دا و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی د ماوێ دە رۆژان ژ رۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ و بەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەرتە هێتە بجهێنان.
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باری کەسایەتی له دهوك
ژمارە/ ١٤٢٢/ش/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/١٤
راگەهاندن
بو/ داوالێکری: بشری ابراهیم محمد
ل دیف داخازیا داواکار (هڤال ابراهیم عبدالله) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا: (گویڕایەلی) ژ تە کریە ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (تاخی دیاری) ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا نامادەبی ل روژا (٢٠١٩/١٢/١) یان بریکارەکێ پێش خوڤە نامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهیا تە پاشملی هێتەکرن.
دادوەر/ شکر سلطان عدو
***
دادگای باری کەسایەتی له دهوك
ژمارە/ ١٤٢٨/ش/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/١٤
راگەهاندن
بو/ داوالێکری: اری محمد عبیدالله
ل دیف داخازیا داواکار (دیما جلال محمد) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا: (لێك جودابونێ) ژ تە کریە ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (تاخی سێ گرکا) ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا نامادەبی ل روژا (٢٠١٩/١٢/١) یان بریکارەکێ پێش خوڤە نامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهیا تە پاشملی هێتەکرن.
دادوەر/ شکر سلطان عدو
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢١١٧ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٠
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (موفق مصطفی مشختی)
ژبەر نەزانینێ نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥/ پانزدە) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ نامادەبی لڕیڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارین جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی پێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین هلات عبدالکریم محمد/ (جێ بەجێ کاری داد)
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢١١٧ / ٢٠١٧
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٠
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (موفق مصطفی مشختی)
ژبەر نەزانینێ نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥/ پانزدە) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ نامادەبی لڕیڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارین جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی پێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین هلات عبدالکریم محمد/ (جێ بەجێ کاری داد)
***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٦٣٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (خبیر البیطار)
بۆ بازرگانی ئامێری پزیشکی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (خبیر البیطار) بۆ بازرگانی ئامێری پزیشکی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (احمد حسن یونس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٦٠٥
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (EXPEDITION)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (EXPEDITION) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٦٠٥
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (EXPEDITION)
بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (EXPEDITION) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە / ٨٣٤٧
رێکەوت / ٢٠١٩/١١/١٣
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (FARYA / بۆ بازرگانی گشتی وهێنان وبردن / سنووردار)وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٣
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە / ٨٤٦٣
رێکەوت / ٢٠١٩/١١/١٨
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (رۆپەل ROPEL / بۆ بازرگانی گشتی - هاوردە وهەنارده / سنووردار)وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٨
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای)عمر وعزالدین یا حەج و عومرە/سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (عمر وعزالدین یا حەج و عومرە/سنوردار) بۆ کۆمپانیای (گەرماڤا یا حەج و عومرە/سنوردار) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

www.xebat.net
یەک شەممە2019/11/24 ژمارە (5877)
خەبات

سیناریۆکانی مەرگ..

کێ دەڵێ جیهان لە ئەگەری ڕوودانی جەنگێکی ئەتۆمی دوور بووە؟



ئا: هەندرین شێرزاد

چی ڕوودەدات ئەگەر جەنگێکی ئەتۆمی سەرتاسەری ڕووبدات؟ ئەو وڵاتانە کامەن کە زەرەر و زیانی زیاتریان پێدەگات؟ چەند کەس گیان لەدەست دەدەن ؟ ئەمانە چەند پرسیارێکی خەیاڵی نین بەڵکو ماوەیەکی زۆرە بە هەزری وڵات و لایەن و تەنانەت مرۆڤیشدا هاتوون و دێن . زۆر نیە ئەگەر بڵێین لە سەردەمی شەڕی ساردا چەند جارێک جیهان و مرۆڤایەتی زۆر لە سیناریۆی لەم جۆرە نزیک بوونەتەوە . بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ناشنال ئینتریستی ئەمەریکی ، لەو ماوەیەدا چەند جارێک دوور نەبوو لە ڕۆژێکی ئاساییدا مرۆڤ گوێبیستی دەنگی ئاگادارکردنەوە و فڕۆکە بێپێت و دواتر هەست بە گەرمایی تەقینەوەی ئەو بۆمبە ئەتۆمیانە بکات.

چی ڕوودەدات؟

ژمارەیەک فیلمی ئاکشنی بەرهەمی هۆلیود هەوڵیان داوە واقیعی ڕووداتی هێرشێکی ئەتۆمی و وێرانبوونی قۆناغ بە قۆناغی کۆمەڵگەکان بە جیهان ڕابگەیەنن . لە کاتی بەڕابوونی جەنگێکی سەرتاسەریدا زۆربەی وڵاتانی پیشەسازیی و پێشکەوتوو جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە قۆناغی بەردین ، ئەمە وێڕای کوژرانی سەدان ملیۆن کەس لە کاتی ڕووداتی تەقینەوەکاندا ، دواتر ژمارەی قوربانیان بەهۆی بلاوبوونەوەی تیشک و نەخۆشی و پەتا و برسیەتی دەگاتە زیاتر لە ملیارێک کەس .

پلانی SIOP

لە سەردەمی شەڕی ساردا ، پلانی تایبەتی ئەمەریکا سەبارەت بە جەنگی ئەتۆمی ناوی SIOPبوو . پلانی یەکەم لە ساڵی 1962 خرایە ڕوو و بە SIOP-62ناسرابوو . ئەم پلانە لە بەڵگەنامەیەکدا بۆ دەستەی ئەرکانی هاوبەشی ئەمەریکا ئامادە کراوە و تیایدا کاردانەوە و کاریگەریی بۆ سەر سۆڤیەت و پەیمانی وارسۆ و چین ڕوون کراونەتەوە ، ئەم پلانە ساڵی 2011لەلایەن دەزگای ئەرشیفی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا ئاشکرا کرا . لە بەڵگەنامەکەدا پێشبینی سەرهەڵدانی تەنگژەیەکی نوێ لە بەرلین کراوە وەک ئەوەی لە ساڵی 1961 ڕوویدا ، بەڵام باس لەوەش کراوە کە پێشبینی دەکرێ کێشەکە پەرە بستێنێ و شەڕێکی گەورە هەموو ئەورووپا بگرێتەوە .

کام ناوچەی جیهان زەرەرمەندی یەکەم دەبن ؟

ئەگەرچی لە بەڵگەنامەکەدا سیناریۆی بەڕابوونی جەنگەکە کەمێک خەیاڵی بوون ، بەڵام مەزەندەکانی دوای ڕووداتی هێرشی ئەتۆمی زۆر نزیک بوون لە واقیع . بە گوێرەی زانیاریەکانی ناو بەڵگەنامەکە ، ئایندەی وڵاتانی بلۆکی شیوعی زۆر خراپ دەبێ ، بەو پێیەی ئەوان دەکەونە بەر بارگرانی تەواوی هێرشی ئەتۆمی ئەمەریکا . بەڵگەنامەکە سیناریۆکانی شەڕی کردۆتە دوو بەش :

سیناریۆی یەکەم:

چاوەڕێ دەکرا ڕاگەیاندنی ئاگادارکردنەوەی ئەتۆمی ئەمەریکا وا لە یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانانی بکات بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بمێننەوە .

سیناریۆی دووەم :

بەکارهێنانی قورسایی تەواوی هێزی ئەتۆمی کە بە هێزی تەواو ناسراوە .بڕیاریش وابوو هێرش بکرێتە سەر نزیکەی 1000ئامانجی جۆراوجۆری سۆڤیەتی و وڵاتانی ئەندام لە پەیمانی وارسۆ و هێزە ئەتۆمیە چینیەکان .لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە ڕێژەی ئەو ئامانجانەی لە ئەنجامی ئەم هێرشە پێشبینیکراوە وێران دەکران لە نێوان 83و 88%بووە .

هێزی ئاگادارکردنەوە

بە گوێرەی سیناریۆی هێرش بە هێزی ئاگادارکردنەوەدا پێشبینی ئەمەی خوارەوە دەکرا:

لە سۆڤیەت:

بۆردومانکردنی 199شاری سۆڤیەتی کە ژمارەی دانیشتوانیان زیاتر لە 50 هەزار کەس بوو .

ئەم هێرشە دەبوە هۆی لەناوبردنی 56%ی دانیشتوانی شارەکان و 37%ی کۆی دانیشتوان .

لە کۆتاییدا و بەهۆی دارمانی کۆمەڵگە ،پێشبینی دەکرا سەرجەم بەرکەوتوان گیان لەدەست بدەن .

لە چین :

بڕیار بوو هێرش بکرێتە سەر 49شار .

چاوەڕێ دەکرا 41%ی دانیشتوانی شارەکان و 10%ی کۆی دانیشتوانی ئەم وڵاتە ببنە قوربانی.

لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات :

بڕیار وابوو تەنیا هێرش بکرێتە سەر ئامانجە سەربازیەکان .

چاوەڕێ دەکرا 1.378.000 کەس ببنە قوربانی ئەم هێرشە ئەتۆمیانە .

هێرشی سەرتاسەری

لە کاتێکدا ئەگەر ئەمەریکا بڕیاری ئەنجامدانی هێرشی سەرتاسەری ئەتۆمی دابوایە ، ئەو کاتە ئەنجامەکان زۆر وێرانکارانەتر دەبوون :

لە سۆڤیەت :

وێرانکردنی 295شار .

72%ی دانیشتوانی شارەکان و 54%ی کۆی دانیشتوان دەبوونە قوربانی .

واتە کوژرانی 108ملیۆن کەس لە کۆی 217ملیۆن کەس.

لە چین :

بۆردومانکردنی 78شار .

53%ی دانیشتوانی شارەکان و 16%ی کۆی دانیشتوان دەبوونە قوربانی .

ئەورووپای ڕۆژهەڵات:

ژمارەی قوربانیان دەگەیشتە 4.004.000کەس .

بە شێوەیەکی گشتی :

چاوەڕێ دەکرا لە ماوەی 72 کاتژمێری یەکەمی ئەنجامدانی هێرشێکی سەرتاسەری ئەتۆمی ئەمەریکا بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت و چین وڵاتانی هاوپەیمانیان لە ساڵی 1962 بەبێتە هۆی کوژرانی 335 ملیۆن کەس.

زیانەکانی ئەمەریکا

لەم بەڵگەنامەیەدا هەوڵی خستنەڕووی ئەو زەرەر و زیانانە نەدراوە کە چاوەڕێ دەکرا لە ئەنجامی بەڕابوونی شەڕێکی ئەتۆمی بەر ئەمەریکا بکەون ، بەڵام ساڵی 1978ڕاپۆرتێک لەلایەن نوسینگەیەکی سەر بە پەنتاگۆن ئەمە کراوە و تیایدا باس لەوە کراوە کە لە کاتی هێرشکردنە سەر ئەمەریکا بە چەکی ئەتۆمی ، لەوانەیە 60 تا 80ملیۆن کەسی ئەمەریکی ببنە قوربانی .

ئەمە هەموو شتێک نیە

ئەگەرچی ئەم ڕاپۆرت و بەڵگەنامەیە باسیان لە زیانی گەورە کردووە ، بەڵام هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەمە هەموو شتێک نیە :

دوای هێرشەکە لەوانەیە ژمارەی قوربانیان لە ژمارەی کاتی ڕووداتی هێرشەکە زیاتر بێ . وێرانبوونی شارەکان دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین ملیۆن بریندار لە چارەسەر بێبەش بن. هیچ وڵاتێک ناتوانێ لە دوای ڕووداتی هێرشی ئەتۆمی بەردەوام بێ لە پاراستنی بارودۆخەکان.

کەمبوونی خۆراک و وزە و پیسبوونی ژینگە و بلاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا .

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک ،ژمارەی مردوان ڕوو لە زیادبوونی بەرچاو دەکات .

ئێستاش ترس هەیە

ڕاستە ترسی بەڕابوونی جەنگێکی ئەتۆمی لە نێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت نەماوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەمەریکا ترسی هەیە لەوەی لەگەڵ ڕووسیا و چین ڕووبەڕووی جەنگێکی لەم جۆرە ببێتەوە . دەبێ ئەوەش بزانین کە ئاسەوارەکانی جەنگێکی ئەتۆمی لە سەدەی 21کەمتر نابن .



وڵاتە ئەتۆمیەکان

لەسەر ئاستی جیهان ، نۆ وڵات خاوەنی مەترسیدارترین جۆری چەکن کە چەکی ئەتۆمیە کە ئەمانەن:

ڕووسیا: خاوەنی 7500 چەکی جۆراوجۆری ئەتۆمیە.

ئەمریکا: 7200بۆمب و موشەک.

فەرەنسا: 300بۆمب و موشەک.

چین: 250بۆمب و موشەک.

بەریتانیا: 215بۆمب و موشەک.

پاکستان: 100- 120 بۆمب و موشەک.

هیند: 90- 110 بۆمب و موشەک.

ئیسرائیل: 80 بۆمب و موشەک.

کۆریای باکور: 10- 16 بۆمب و موشەک.

مانشێت



سکای نیوز:
دادگایەکی ویلایەتی ڤیرجینیا بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ چین ، سزای 19ساڵ بەندکردنی بەسەر ئەفسەرێکی پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکادا سەپاند .



ئیلاف :
خەڵکی دوورگەی بوگانفیل لە بابواغینیا ڕاپرسیەکیان سەبارەت بە سەربەخۆیی ئەنجام دا .



ئەی ئێف پی:
قلادێێر پوتنی سەرۆکی ڕووسیا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی سەرقاڵی پێشخستنی جۆرە چەکێکە کە لە ڕۆژئاوا هاوشێوەی نیە .



ڕۆیتەرز:
سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە لە هەڵبژاردنی 2020 ی وڵاتەکەیدا مایک پێنسی جێگرەکەی خۆی کاندید دەکاتەوە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە پایتەختی کۆلۆمبیا سەدان هەزار کەس بە مەبەستی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی وڵات هەڵڕژانە سەر شەقام .



کەنالی ئار تی :
لە ڕۆژهەڵاتی هیند چەند چەکدارێک هێرشیان کردە سەر گرووپێکی سەر بنکەیەکی پۆلیس و لە ئەنجامدا 3کەس کوژران .

لەجیهانی پێشکەوتوودا هونەری شێوەکاری بەدایکی هونەرەکان هەژمار دەکرێ

شێوەکار تەیب عەبدولڕەحمان:
زۆرجار هونەری شێوەکاری سۆز و ویژدان و هزر تێدەپەڕێنێ دەڕوات تاکو قوڵایی ڕۆح



دیانە:هێمن ئاری

هونەرمەندی شێوەکار تەیب عەبدولڕەحمان بابان لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٦ شاری کەرکوکە .

وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات لەسەرەتاوە خۆرسک دەستی بەهونەری شێوەکاری کردووە.

دەڵێت: هەر لەسەرەتای منداڵیمەوە کاتێک نیگارێکم دەکێشا دەوروبەرم بەشێوەیەک سەرسامی خۆیان دەردەبڕی، ئەوە خاڵی دەستپێک و پاڵنەربوو بۆمن بۆ ئەوەی زیاتر حەزم بۆ هونەری شێوەکاری بچێت .

دەشڵێت: لەژیانی هونەریم 20 پێشانگای تایبەتم کردۆتەوە و بەشداریشم لەچەندین پێشانگای هاوبەشکردووە .

ئەو شوێنانەی پێشانگام تێداکردۆتەوە: زاخۆ ،سلێمانی کەرکوک، شارەزور ، بازیان. هەروەها پێشانگام لەدەرەوەی وڵاتیش کردۆتەوە لە ئەستورالیا شاری ئەدلاید .

پرۆژەی داهاتووشم پێشانگایەکە لە شاری بەغدا بەڵام بەهۆی دۆخی ئەوشارە دوام خستووە.

جگە لەوەش لەبەرنامەمدایە لە شاری بەیروت لە لوبنان پێشانگایەک بکەمەوە.

قوڵایی ڕۆح و هونەری شێوەکاری

هونەرمەندی شێوەکار تەیب عەبدولڕەحمان لەدیانەیەکی ڕۆژنامەی خەباتدا سەبارەت بە بایەخدان بە هونەری شێوەکاری دەڵێت:هەڵبەت لەجیهانی پێشکەوتوو هونەری شێوەکاری بەدایکی هونەرەکان هەژمار دەکرێ، بەوپێیەی هونەری شێوەکاری دەرهاویشتەی فکر و ڕۆشنگەریی بەرزی هونەرمەندەکەیە .لەجیهانی پێشکەوتوو هونەری شێوەکاری بەترۆپکەی مەعریفەی مرۆیی پێناسەدەکرێ .سەرجەم قوتابخانە فەلسەفییەکانی کۆن و نوێ پانتایەکیان لە فەلسەفەکانیان تەرخانکردووە بۆ هونەری شێوەکاری و هەریەکە و لەروانگە و دیدی خۆیانەوە پێناسەی ئەو چەمکەیان کردووە . ئەوەی لەسەری کۆکن و هاوڕان ئەوەیە کە کایەی هونەری نیگارکێشان ترۆپکەی هزری مرۆییە، هەندێک جار سۆز و ویژدان و هزر تێدەپەڕێنێ دەڕوات تاکو قوڵایی ڕوح .

میشێل فۆکۆ فەیلەسوفی فەرەنسی دەڵێت:کاتێک دیاردەیەکی دیاریکراو شاعیرێک ناتوانێ گوزارشتی لێبکات و فەیلەسوفێک وشەی پێ نییە شیتاڵی بکات پەنا دەبەینە بەر نیگارکێشێک ئەو بەجوانترین شێوە گوزارشتی لێوە دەکات.بەڵام لە وڵاتی ئێمە لە کوردستان بەهۆی ئاستی وشیاری و هەستی تاک هونەری شێوەکاری لە پلەی خواری خوارەوەیە لەناو چەمکی بەرفراوانی هونەر. چونکە هونەری شێوەکاری تەمەنی زۆر کورتە، ڕەنگە هەر هەشتا ساڵێک بێت هاتۆتە ناو وڵاتی ئێمەوە .ئێمە بەراورد ناکرێین لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوو ئەوان چەندین قۆناغی هونەری و بزاڤی هونەریان تێپەڕاندووە .هەربۆیە خوێندنەوەی کارێکی هونەری لای تاکێکی ئەوروپی و لای تاکێکی ئێمە زۆر جیاوازە .تاکو ئێستا تاکی ئێمە ڕووی دەڕەوەی جوانی نیگارێک دەبینێ هەرگیز ڕووی ناوەوە و فکری پشت نیگارەکە نابینێ.

سروشتی کوردستان و هونەری شێوەکاری هەروەها لە دریژەی قسەکانیدا تەیب عەبدولڕحمانی شێوەکار گوتی: هەڵبەت من لەماوەکانی ڕابوردوو لەچەندین ڕێبازی هونەری کارم کردووە.

لەکۆتایدا وەک پێداویستیەک بۆ مارکێتینگ و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنگەریی هەڵواسینی تابلۆ لەماڵەکان و شوێنەگشتیەکان پەنام بردە بەر واقعی و هەندێکجار ئینتیباعی و ئەبستراکت . چونکە وەرگری کورد ئاسانتر جوانی ڕووکەشی واقعی وەردەگرێ .

بەڕاستی دەمەنی پڕ ڕەنگی سروشتی کوردستان کاریگەریەکی یەکجار گەورەی لە دەروون هەستم بەجێ هێشتووە و هەمیشە ویستوومە بەشێوەیەکی ئیستاتیکی دەمەنەکان بکەمە نیگار .

هونەری شێوەکاری و زمانی هاوبەش

لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەی ڕۆژنامەی خەباتدا گوتی: هەڵبەت وەک لەسەرەتا ئاماژەمان پێکرد هونەری شێوەکاری ترۆپکەی مەعریفەی مرۆییە، بۆیە بڕەودان بەم کایەیە کارێکی گرنگە و بەدەرجەیەک ئێمەی هونەرمەند لێی بەرپرسین و پاشان دامەزراوەپەیوەندارەکان وەک ڕۆشەنبیری و پەروەردە .ئەم دوو دامەزراوە هەستیارە. هونەری شێوەکاری زمانی هاوبەشی سەرجەم مرۆڤایەتییە، زۆر بەئاسانی دەتوانێ پەیامی خۆت بگەیەنێ، بۆیە ئەم کایەیە زۆر شت دەگەیەنێ . جگە لەجوانی بۆڤونە ئاستی وشیاری کۆمەڵگا بەهیوای ئەوەی بتوانین لەئایندە کاری باشتر ئەنجام بدەین و بڕەو بەو کایەیە بدەین.





وەفا کیلانی و تیم حەسەن بە دزی هاوسەرگیریان ئەنجامدابوو

وەفا کیلانی پێشکەشکاری ناوداری دیارترین کەناڵە عەرەبییەکان، هەر لەسەرەتاوە بەوە ناسراو بوو کە پرسیارەکانی دانسقەو پر لە جوئەتن و زۆربەی ئەوانەی دیداریان لەگەل ساز دەدات، لە پرسیارەکانی واقیان دەورمێ، لە دوایین لێدوانی هاوسەری پێشووی بۆ میدیاکان ئەوە ئاشکرا بووە، کە وەفا کیلانی پێشکەشکاری ناوداری میسری بەر لە ڕاگەیاندنی هاوسەرگیری لەگەل هونەرمەندی سوری بەناوبانگ تیم حەسەنی ، بەر لە ساڵێک ئەو هاوسەرگیریە بە نهێنی ئەنجام درابوو، بەڵام ئەوان ئاشکرایان نەکردبوو، ئەمەش دەنگۆی زۆری نارەزایەتی هەواداراني تیم حەسەنی لێکەوتۆتەوە.

وەن پلەس کاتی ڕاگەیاندنی مۆبایلە نوێکانی ئاشکرا دەکات

مۆبایلەکانی کۆمپانیای وەن پلەسی چینی بەرە بەرە بەکارهێنەری ڕوو لە زیاد بوون دەکات لە سەرتاسەری جیهان ، لە ئێستاشدا ئامادەکاری دەکات بۆ ڕاگەیاندی مۆبایلە نوێکانی زنجیرەی OnePlus .7وەن پلەس بەوە ناسراوە کە ساڵی جارێک مۆبایلێکی نوێ ڕادەگەیەنێت ، بەڵام لەم ساڵدا بڕیاری داوە کە چەند مۆبایلێک لە زنجیرەی OnePlus 7 ڕابگەیەنێت ، وا پێشبینی دەکرێت سێ مۆبایلی نوێ ڕابگەیەنێت کە ئەوانیش OnePlus 7 و OnePlus 7 Pro و هەروەها جۆرێکی تایبەتی OnePlus 7 Pro کە پشتگیری لە نەوەی پێنجەمی ئینتەرنێت دەکات.بەرواری ڕاگەیاندنی مۆبایلە نوێکانیشی ١٤ مانگی پێنجی دەبێت.

بزنێک بووە دایکی بیچووە ئاسکێک

لە باخچەی ئاژەڵانی باکور بزنێک بووە "دایکی شیری" بیچووە ئاسکێک. دوای ئەوەی ئاسکێک لە ١٢ی ئەم مانگە دوو بیچووی بە سکێک دەبێت و یەکێک لەو بیچوانە بە مردوویی لە دایک دەبێت، ئاسکەکە ئاماد نابێت شیر بدات بە بێچووەکەی دیکەی و دایکایەتی بۆ بکات. هەرچەند بزنێک بە هۆی شێوەنەکردنی لەگەڵ کارایلەکانی سەرەتا ئەو بیچووە ئاسکەی پەراوێز خست، بەڵام دواتر ئامادەبوو شیری پێ بدات و بەمجۆرەش ئێستا دوو گیسک "بـرای شـیـری" ئـەون. چـاودێـری ئاسکەکێوییەکانی باخچەکە، زیندەرناس بیرۆڵ توران بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕایگەیاند "هێشتا ٤٨ کاتژمێر بەسەر لەدایکبوونی بیچووەکەیدا تێنەپەڕیبوو کە ئاسکەکە ئامادە نابێت شیر بدات بە بیچووەکەی دیکەی و دایکایەتی بۆ بکات. هەوڵماندا شیری ئەو بزنە بخوا کە هەمان ڕۆژ زابوو، بزنەکە بە هۆی شێوەنەکردنی لەگەڵ کاریلەکانی سەرەتا شیری نەدا بەو بیچووە ئاسکە. ئێمەش سەرەتا بزنەکەمان دۆشی و بە مەمکە شووشە شیرمان بە بیچووە ئاسکەکە دا. چونکە سەرەتا پێویستی بەکارلێکە لەگەڵ مژین. پاشان بزنەکە ئامادە بوو شیر بدات بە بیچووە ئاسکەکە".



لەسەر دراوی Libra کێشە دەکەوێتە نێوان ئەمەریکا و کۆمپانیای فەیسبووک



ئایا ئەم دراوە باوەڕپێکراوەو ترسی لەسەر بەکارهێنانی نییە ؟

بێگومان لە ئێستادا هیچ سەرچاوەیەک لە ١٠٠٪ پشتڕاستی ئەوەی نەکردۆتەوە کە دراوەکە هیچ فێلی تێدا ناکرێ، بەڵام بە پێی شارەزایەکی بواری تەکنەلۆژیا بێ بە ناوی Jennifer Grygiel ڕایگەیاند کە پێدەچی فەیسبووک بیەوێ ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ و ئەم دراوە نوێیەی فەیسبووک کاریگەری زۆری ئەبێ لەسەر دۆخی جیهان و پێشبینی ئەکرێ لە ٢٠٪ داهاتی بەکارهێنەر زیاد بکا و لە ٢٢٪ ی ڕێژەی هەژاریش کەم بکاتەوە ، و بەپێی بیر و ڕای بەشێک لە شارەزایان بێ قسەکانی دۆنالد ترامپ کاریگەری ئەبێ لەسەر گەشەکردنی ئەم دراوە و لە متمانەی ئەم دراوە کەم دەبێتەوە. بۆیە هێشتا بە تەواوەتی پشت ڕاست نەکراوەتەوە کە کەی ئەم دراوە ئەبێتە فەرمی و ئاڵۆگۆڕی پێچ ئەکرێ بەڵام پێشبینی ئەکرێ کە ئەم دراوە ماوەیەکە کۆمپانیای فەیسبووک دراوێکی ئەلیکترۆنی بەناوی ""Libraی ڕاگەیاندوە و ناکۆکیەکی زۆر لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەمریکا دۆنالد ترامت پەیا کردووە و ڕۆژانە باسێکی چڕ و پڕ لەسەر ئەم دراوە ئەلیکترۆنیەی، کە سەر بە فەیسبووکە دەکرێ. لێرەدا دوو پرسی زۆر گرینگ دێنە پێش کە ئایا ئەم دراوە نوێیە ناکۆکی دروست دەکا لەنێوان ئەمریکا و کۆمپانیای فەیسبووک؟ ئایا ئەم دراوە باوەڕپێکراوە و دزەی پێ ناکرێ؟بێگومان هەر وەک ڕۆژانە سەرچاوە تەکنەلۆژیەکان مشتومڕ لەسەر دراوەکە دەکەن و هەر وەک دیارە کە دۆنالد ترامپ ناکۆکە لەسەر دامەزراندنی ئەم دراوە ئەلیکترۆنییە و بە شتێکی بێمانای ناو دەبات و هەر وەک خۆی دەڵێت: ”ئەم دراوە ئەلیکترۆنییانە سوودیان نییە و شتێکی بێ مانان و ماوەیەکی زۆر نامێنننەوە و لەناو دەچن.” لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیای فەیسبووک سوورە لەسەر دامەزراندن و بەفەرمیکردنی ئەم دراوە ئەلیکترۆنییە، شایەنی باسە دۆنالد ترامپ سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەڵی کە بۆ دامەزراندنی هەر دراوێکی نوێ پێویستە ڕەچاوەی یاساکانی ئەمریکا بکرێ و هەر کۆمپانیایەکیش کە دەیەوێ وەک بانک ڕەفتار بکا پێویستە ڕەچاوەی یاساکانی ئەم بواره بکا.

نوێیەی فەیسبووک لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٢٠ بە فەرمی بکەوێتە کار و بەکارهێنەران بتوانن ئاڵوگۆڕ بەم دراوە بکەن و لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی دەکرێ کە فەیسبووک لە ڕێی دامەزراندنی کۆمپانیایەک بە ناوی Calibraی تایبەت بە خۆی کار بەم دراوە بکا و بەکارهێنەران بتوانن ئەو داهاتەی کە لەم دراوەدا کۆیان کردۆتەوە لەم کۆمپانیایە پاشەکەوتی بکەن و بیپارێزن.

شرۆڤەیەک لەسەر یارییەکانی خولی نایابی کوردستان

برایەتی پێشەنگی بەسیروانی نوێ چۆلکرد و زەنگی مەترسی بۆ یانەکان لێدا

پێشمەرگەی هەولێریش گەڕایەوە نێو ڕکابەرییەکان



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

گەڕی پێنجەمی خولی نایابی کوردستان بەبەشداری 13یانە ئەم پێنجەشممەیە بەروازی 21/11/2019شەش یاری سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو، لەگرینگترین یاریشدا دێربی هەولێر وپێشمەرگەی هەولێر لەیاریگای نێو دەولەوتی فرەنسۆ هەریری بەیەکگەیشتن،لەئەنجامدا هەردوولا بەبێ گۆڵ یەکسانبوون و هەریەکەو خاڵێکی یارییەکەیان بەرکەوت، لەلایەکی دیکەوە لەشاری سلێمانی، سیروانی نوێی پێشەنگی هەفتەی ڕابردوو ڕووبەرووی برایەتی بووەوە، برایەتی دوور لەیاریگا و هاندەرانی خۆی، توانی یارییەکە لەبەرژەوەندی خۆی بەئەنجامی 2-0گۆڵ کۆتایی بهێنێت و بەم سەرکەوتنەیش برایەتی بەکۆکردنەوەی 11 خاڵ خۆی گەیاندە پلەی یەکەمی ڕێزبەندی خولەکە ، سیروانی نوێش بەم دۆڕاندنە پێشەنگی یانەکانی لەدەستدا و هاتە پلەی دووەم، لەلایەکی دیکەوە لەشارۆچکەی سۆران ، یانەی سۆران میواندارای لەیانەی شێروانە کرد، خاوەن یاریگا لەنێو هاندەرانی خۆیدا نەیتوانی یارییەکە لەبەرژەوەندی خۆی کۆتایی بهێنێت و یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەتاکە گۆڵێک کۆتایی هات ، بەم ئەنجامە سۆران بەکۆکردنەوەی 8خاڵ لەپلەی سێیەم دەبیندرێت، لەبەرانبەردا شێروانە بەم یەکسانبوونە لەکۆی 5یاری تەنها 2 خاڵی کۆکردۆتەوە و لەپلەی دوانزەمینی ڕێزبەندی خولەکەدا جێگیر بووە، دوو یاری دیکەیش هەر لەهەمان گەڕدا بەبردنەوە کۆتایی هات، زاخۆ دوور لەیاریگای خۆی بەئەنجامی 1-2گۆڵ لەدەربەندیخانی بردەوە،هەروەها بەهەمان شێوەی زاخۆ، یانەی دهۆک ئەمەیش دوور لەیاریگای خۆی توانی بەئەنجامی 2-1گۆڵ لەنەورۆز بباتەوە و 3خاڵی گرنگی خستە سەر خاڵەکانی خۆی، دوا یاریش لەنێوان هەردوو یانەی زێرەڤانی و پێشمەرگەی سلێمانی ئەنجام درا، یارییەکە لەبەرژەوەندی زێرەڤانی بەتاکە گۆڵێکی بێ وەلام کۆتایی هات و زێرەڤانی 3خاڵی گرنگی لەسەر دەستی نەورۆز مسۆگەرکرد، بەمشێوەیە ئەم هەفتەیە گەڕی پێنجەمی خولی نایابی کوردستان بەڕێوەچوو، برایەتی یەکەمینجارە دوای ئەنجامدانی 5یاری بێتە پێشەنگی یانەکانی کوردستان.

ڕێزبەندی هەفتەی پێنجەمی خولی نایابی کوردستان لەپلەی یەکەم تاپلەی چوارەم بەمشێوەیە دەبێت: -1برایەتی 11خاڵ -2سیروانی نوێ 10خاڵ -3سۆران 8 خاڵ -4هەولێر 8خاڵ.

ڕاهێنەر وماموستایەکی لەشجوانی لە دیداری (خەبات)دا

زانا فەریق: وەرزشی تەندروست، لەشێکی ساغ و تەندروستییەکی بەهێز بە مرۆڤ دەبەخشێت

خەبات: سۆزان سلێمان

زانا فەریق کە پالەوانی لەشجوانییە و چەندین نازناو خەڵاتی جۆراوجۆری لەو بوارە بەدەست هێناوە، ئێستاش مامۆستایە لە هۆڵی لەشجوانیەکەی تایبەت بە خۆی، زانا فەریق لە ساڵیەدا لە شاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، شاری چەمچەماڵی خۆشەویست لە دایکبووە، و هەر لەو شارەش خوێندنی تەواو کردووە ئێستاش خاوەنی بروانامەی دبلۆمە لە بواری خۆراک، بەپێویستمان زانی دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام بدەین سەبارەت بە گرنگیی وەرزش بەتایبەتیش هۆڵە لەشجوانییەکان و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەست بەو بوارە.

سێیەمی جیهان

ئەو مامۆستایە لە بارەی بەشداری کردنی پالەوانێتیەکانیەوە دەڵێت: یەکەم پالەوانێتی ناوخۆ کە بەشداربووم لە سلێمانی بوو کە کێشی ٦٠کیلۆگرام بوو لە ساڵی ـ و توانیم پلەی دووەم بە دەست بهێنم، و لە دووەم پالەوانێتیم کە بەشداریم تێدا کرد لە کەرکوک بەڕێوەچوو لە کێشی ـ کیلۆ گرام بوو لە ساڵی ـ توانیم پلەی یەکەم بە دەست بهێنم ، لە ساڵی ـ لە پالەوانێتی هەولێر بەشداریم کرد لە کێشی ـ کیلۆگرام دووبارە توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، دواتر لە پالەوانێتی کوردستان کە لە ساڵی ـ بەڕێوەچوو لە کێشی ـ کیلۆگرام لەوێش توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، لە پالەوانێتی سەر ئاستی عێراق کاتێک بەشداریم کرد بۆ یەکەم جار پلەی شەشەمم بەدەست هێنا ، و لە پالەوانێتیەکی نوێ بە ناوی دابا بۆ یەکەمجار کە لە عێراق ئەنجامدرا لە ساڵیە بەشداربووم ، توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم لە ئاستی خۆم پاشان سەرجەم یەکەمەکان کرانە تاقیکردنەوە و توانیم یەکەمی یەکەمەکان بەدەست بهێنم لە نێوانیان واتە پالەوانی پالەوانەکان، و لەساڵی ٦ ش دووبارە بەشداری لە پالەوانێتی عێراقم کرد و لە کێشی ٥٠ کیلۆگرام پلەی چواردەم بە دەستهێنا، ئەوجارە جیاواز لە بەشداریم لە پالەوانێتیەکانی پێشووم ، خۆم بۆ پالەوانێتی جیهانی ئامادە کرد لە ئسپانیا Champion warld amator کۆیە ولاّت کە هەر یەک لەوان هەڵبژاردەی خۆیان هێنابوو بۆ هەموو کێشەکان توانیم پلەی سێیەم بەدەست بێنم کەدوا پالەوانێتیم بوو بەشداریم تێدا کرد.

کەسانی پسپۆر زۆر کەمن

لە پرسیارێکدا کە ئایا ئەو سەنتەر و هۆڵە وەرزشییانەی کە ئێستا هەنە تا چ ڕادەیەک کەسانی پسپۆر لەو بوارە بەڕێوەی دەبەن و تا چەند ئەکادیمین؟ لە وڵامدا دەڵێت: کەسانی پسپۆر و ئەکادیمیی لەو بوارە زۆر کەمن، نمونەش بۆ ئەو قسەیە، ڕۆژانە دەبینین چەندەها کەس تووشی پێکان دەبێت و بە ڕێنمایی نەزانی بە بەکارهێنانی سپلیمێنت و هورمۆن، چیان بەسەردێ ئەگەر ئەکادیمی بونایە هەرگیز لەو جۆرە کێشانەی تۆش نابێت، لە بارەی ئەو مەرجانە چیین کە پێویستە وەرزشوانانی ئەو بوارە پەیرەوی بکەن، گوتی: مەرجی تێدا نییە چونکە گەر بڵێین نابێ لە خارووی تەمەنی ـ ساڵی بێت ئەوا هیچ ڕاست نییە قسەیەکی کۆنە، بەڵکو یاری لەشجوانی تەمەنی نییە، بەڵکو لە تەمەنیە ساڵی دەتوانرێت دەست بەو جۆرە وەرزشە بکرێت، ئەوەی گرنگە لای چ کەسانێک و چ شوێنێک دەست پێ دەکەن، هەروەها ئاماژە بە زیانەکان و باشییەکانی پڕۆتین دەکات دەڵێت: یەکەمجار دەبێت بزانین پڕۆتین چییە و چۆنە و بێگومان بەکارهێنانی پڕۆتین بەبێ وەرزش بەبێ ڕێنمایی زیانی خۆی هەیە ئەگەر بەدروستی بەکارنەهێنرێت، پڕۆتینیش پێی دەگوترێت تەواوکەری خۆراکی جەستەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی چونکە، ئەو ژەمە خۆراکە سروشتیانەی ئێمە وەریدەگرین تا ئاستێک باشە، بۆ نمونە منداڵ کەلە دایک دەبێت تاکە خواردن کە دەیخوات شیری دایکە دواتر تا دەگاتە تەمەنێک خۆراکی تری پێ دەدرێت تا وای لێ دێت شیر بەشی ناکات واز لەوە دێنێت و خواردنەکانی تر دەخوات، بە واتایەکی تر مەبەستم ئەوەیە تا ماسولکەکان گەورەتر بن پێویستیان بە خۆراکی زیاترە، پڕۆتینیش تەنها خۆراکێکە زیاتر نییە بەڵام گرنگیشە بزانی چ جۆرێک وەردەگریت، ئامۆژگاری ئە وەرزشکارانە دەکەم ، پێویستە هەمیشە گوێرایەڵی ڕاهێنەرەکانیان بن.



دوا پەیامی ئەو مامۆستایە

لە کۆتاییدا زانا فەریق دەڵێت: پەیامی من بۆ هەموو کەسێکە کە نازانێ مانای وەرزش چییە ، وەرزشی تەندروست پەرەی پێ بدەن هەمیشە لەش ساغتان دەکات و هەمیشە بەرگری لەش بەهێز دەکات تواناکان زیاد دەکات واتە هەمیشە بە گەنجی دەمێنیتەوە و دەبیتە خاوەنی لەشێکی جوان و ڕێک ، دوور لە هەموو کێشەیەک نەخۆشیەک بە تایبەتی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان ڕووی لە زیادبوون کردووە ، تا بتوانرێت هانای زیاتر بۆ وەرزش ببەیت زۆر باشترە لەوە ی پەنا بۆ چارەسەریان بۆ دەرمان ببرێت، و پەیامم بۆ وەرزشکاران ئەوەیە بێ پرس و را بە ڕاهێنەرەکەت هیچ بابەت بەکار نەهێنن، تا تووشی پێکان نەبیت و وەرزشەکەشت ناشرین بکەیت.

ڕاشفۆرد:

من و سۆلسکایەر هەمان شتمان دەوێت

مارکۆس ڕاشفۆرد، هێرشبەری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی دووپاتی کردەوە، ڕاهێنەری نەرویجی تیپەکە، ئولی گۆنار سۆلسکایەر، کەسێکی گونجاوە بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەرکی تیپەکە. ڕاشفۆرد، لە میانی لێدوانیدا بۆ تۆڕی (سکای سپۆرتس) وتی:"سەبارەت بەخۆم، هیچ دوو دڵییەکەم لە واژووکردنی گرێبەستێکی تازە لەگەڵ تیپەکەدا نییە". وتیشی:"بۆ سۆلسکایەریش هەر هەمان شت دەبێت، دەتوانم ببینم چۆن بیر دەکاتەوە، چی بۆ تیپەکە دەوێت و بە چ شێوەیەک بێت". هەروەها وتی:"ئێمە بۆ تیپەکە هەمان شتمان دەوێت، سۆلسکایەر، پیاوێکی مەزنە و ئەو لە دڵەوە بایەخ بە تیپەکە دەدات، بۆیە بە بۆچوونی خۆم، هیچ کەسێک لەو باشتر نییە، ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت". شیاوی باسکردنە، مانچستەر یونایتد، دوای 33ساڵ، تووشی خراپترین سەرەتای تیپێک بوو لە خولی نایابی ئینگلیزیدا، بەڵام دواتر توانی بگەڕێتەوە سەر ریتمی بردنەوەکان، بە بردنەوەی دوو یاری لە دوایین سێ یاری لە خولەکەدا. ئەمەو مانچستەر یونایتد، دوای تێپەڕبوونی 12گەڕ، بە کۆکردنەوەی 16خاڵ لە پلەی 7ڕیزبەندی یانەکانی پرێمەرلیگ دێت.

ڕەمزی میرەکانی



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun, 24. Nov. 2019 No: (5877)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پایتەخت دووەمین فیستیڤاڵی کوردستان بۆ موزیک و گۆرانی لەخۆگرت

موزیک و گۆرانی.. دەنگێک بۆ نیشتمان کۆتایی پێهات



خەبات : هەمزە سەرحان

لە هۆڵی رۆشنبیری لە هەولێر، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکوومی و حزبی و پەرلەمانتاران و کەسایەتییەکان و هونەرمەندان و ئەدیب و رۆشنبیران و هەوادارانی گۆرانی و مۆسیقا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، (دووەمین فیستیڤاڵی کوردستان بۆ موزیک و گۆرانی) بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە دەستی بە کار و چالاکییەکانی کرد.لە دەستپێکدا (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، وتارێکی پێشکەش کرد پاشان (د. فرسەت سۆفی) پارێزگاری هەولێر، وتارێکی پێشکەش کرد و تیشکی خستە سەر ڕۆڵی هونەر و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران لە پێشوەچوونی وڵات و فەرهەنگ و کولتووری خەڵک،ئینجا بڕگەکانی فیستیڤاڵەکە بەنمایشکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەندی خاوەن ئەزموون و خزمەت، مامۆستا (وریا ئەحمەد) دەست پێکرد.پاشان دەستکرا بە پێشکەشکردنی خەلاتەکان، بەم شێوەیە: خەلاتی زێڕین لەلایەن بەڕێز (حەمەی حەمە سەعید) وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان بەخشرا بە هونەرمەند وریا ئەحمەد،خەلاتی لۆژۆ لەلایەن بەڕێز (د. فرسەت سۆفی) پارێزگاری هەولێر، وتارێکی پێشکەش کرد و تیشکی خستە سەر ڕۆڵی هونەر و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران لە پێشوەچوونی پارێزگاری هەولێر، بەخشرا بە هونەرمەند وریا ئەحمەد،خەلاتی ڕێزلێنان لەلایەن بەڕێز (ئومێد خۆشناو) سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان، بەخشرا بە هونەرمەند وریا ئەحمەد،دواتر مامۆستای هونەرمەند (وریا ئەحمەد) وتەیەکی پێشکەش کرد و سوپاسی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر کرد بۆ ئەم ڕێزلێنانە و خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کە لەپای ئەو خزمەتە زۆرەی بە هونەر و کولتووری گەلەکەی،ئینجا بڕگەکانی فیستیڤاڵەکە بەنمایشکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەندی خاوەن ئەزموون و خزمەت، مامۆستا (وریا ئەحمەد) دەست پێکرد.پاشان دەستکرا بە پێشکەشکردنی خەلاتەکان، بەم شێوەیە: خەلاتی زێڕین لەلایەن بەڕێز (حەمەی حەمە سەعید) وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان بەخشرا بە هونەرمەند وریا ئەحمەد،خەلاتی لۆژۆ لەلایەن بەڕێز (د. فرسەت سۆفی) پارێزگاری هەولێر، وتارێکی پێشکەش کرد و تیشکی خستە سەر ڕۆڵی هونەر و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران لە پێشوەچوونی ئێوارەکەیان ڕازاندەوە و پڕ جۆش و خرۆشیان کرد،دوای ئەمان (تیپی مۆسیقای کەرکووک) بەرهەمەکانی خۆی لە مۆسیقا و گۆرانی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و کاتێکی پڕ شادییان بۆ ئامادەبووان ڕەخساند.

لە دووەم ڕۆژی فیستیڤاڵی کوردستاندا

هەر سێ گرووپی میوان لە (ڕۆژهەڵات) بەشداریان کرد،سەرەتا (تیپی مۆسیقای لور) لە سلێمانی نمایشی کارە هونەرییەکانی خۆیان کرد و بواری مۆسیقا و پەروەردە، ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی ئەو ژمارە زۆرە لە بەرپرسان و هونەرمەندان ڕێزی لێ دەنرێ و هیواشی خواست، کە ئەم نەریتە جوانە بۆ لەمەودواش بەردەوام بێ و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران بەسەربکرێنەوە و ڕێزیان لێ بنرێ، دوای ئەمە بڕگە هونەرییەکانی فیستیڤاڵ پێشکەش کران و سەرەتا گرووپی (کۆما سەرخۆبوون) کە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتوون و بەشداریی ئەم فیستاڤاڵە دەکەن، بە چەپکێک موزیک و گۆرانی کوردستان بۆ هونەر و موزیک،لە کۆتایی مەراسیمی فیستیڤاڵەکەشدا، خەلاتی هەڵبجە، هەولێر) کۆتایی بە کارەکانی (دووەمین فیستیڤاڵی کوردستان بۆ هونەر و موزیک) هێنرا..



پێشکەشی دەکات.دوابەدوای ئەوان، (گرووپا ئاوازا سەرحەدێ) لە باکوور، بە چەندین پارچە موزیک و گۆرانییان پێشکەش کرد و ئەو ئێوارەی پاییزیان پڕ دەنگ و ئاواز کرد. ئینجا بەڕێز (جەبار یاوەر) ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە، لەجیاتی تیپی مۆسیقای لور لە سلێمانی، چەپکەگوڵێکی پێشکەش بە بەڕێز (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر کرد، لەبەرامبەر ڕۆڵیان لە ئەنجامدان و سەرخستنی ئەو فیستیڤاڵ و کارە بەردەوامانەی بێ پسانەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر گۆرانیبان پێشکەش کرد و ئەو ئێوارەی پاییزیان پڕ دەنگ و ئاواز کرد. ئینجا بەڕێز (جەبار یاوەر) ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە، لەجیاتی تیپی مۆسیقای لور لە سلێمانی، چەپکەگوڵێکی پێشکەش بە بەڕێز (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر کرد، لەبەرامبەر ڕۆڵیان لە ئەنجامدان و سەرخستنی ئەو فیستیڤاڵ و کارە بەردەوامانەی بێ پسانەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر (تیپا روباد یا موزیکی دهۆک) ئاواز و سترانی زەلاڵی لە چیا سەرکەشەکانەوە هێنابوو بۆ هەولێر و ئەم ئێوارە پاییزییەی پڕ کرد خرۆش دوای ئەو (گرووپی مۆسیقای هەڵەبجە) چەپکێک لە دەنگ و سەدای کانی ئاشقان و بالامبۆی کردە دیاری و لە ئامێزی پیرە قەڵا و مناڕەی دا. جا نۆرە گەیشتە سەر دوایین گرووپی هونەری، کە (گرووپی موزیکی هەولێر) بوو، کە بە کۆمەڵێک بڕگە و ئاواز و ژکتێل هۆڵەکەیان پڕ کرد لە سەدای شادی ئامێز. کۆتایی دووەمین فیستیڤاڵی کوردستان بۆ هونەر و موزیک،لە کۆتایی مەراسیمی فیستیڤاڵەکەشدا، خەلاتی هەڵەبجە ، هەولێر) کۆتایی بە کارەکانی (دووەمین فیستیڤاڵی کوردستان بۆ هونەر و موزیک) هێنرا.. سەرەتا (تیپا روباد یا موزیکی دهۆک) ئاواز و سترانی زەلاڵی لە چیا سەرکەشەکانەوە هێنابوو بۆ هەولێر و ئەم ئێوارە پاییزییەی پڕ کرد خرۆش دوای ئەو (گرووپی مۆسیقای هەڵەبجە) چەپکێک لە دەنگ و سەدای کانی ئاشقان و بالامبۆی کردە دیاری و لە ئامێزی پیرە قەڵا و مناڕەی دا. جا نۆرە گەیشتە سەر دوایین گرووپی هونەری، کە (گرووپی موزیکی هەولێر) بوو، کە بە کۆمەڵێک بڕگە و ئاواز و ژکتێل هۆڵەکەیان پڕ کرد لە سەدای شادی ئامێز.

فۆتۆ/ سەردار قادر

بەدل ڕەفۆ: ڤیستیڤاڵی سینەمایی جیهانی بۆ ئەو فیلمانەی تایبەتن بە چیاکان بەڕێوەچوو



لە شاری گواتیسی وڵاتی نەمسا کۆتایی هات بە ڤیستیڤاڵی سینەمایی جیهانی بۆ ئەو فیلمانەی تایبەتن بە چیاکان و ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی گرتەی ڤیدیۆیان لەسەر چیاکان تۆمارکردووە هەوروەها ئەو جەربەزییانەی کە فلیمسازەکان لەسەر چیاکان ئەنجامی دەدەن، ڤیستیڤالەکە لە 12ئەم مانگە هەتا 16ی ئەم مانگە بەردەوام بوو. لە کۆتایی ئەم ڤیستیڤالەشدا ڕێ و ڕەسمی داهێشکردنی خەلات بەسەر براوەکان ڕێکخرا. کە تێدا چەندین خەلاتی نایاب بەسەر براوەکاندا لەلایەن بەرپرسانی شارەوانی ئەو شارە داهێشکران. لەم بارەوە (بەدل ڕەفۆ) کە گەڕیدەیەکی بە نەژاد کوردەو خاوەن شارەزایی و سەلیقەیەکی شیاوی بواری ئەم جیهانی چیاکانە و یەکێکە لەوانەی قوولبونەوەیان هەیە لەم کارانە، تایبەت بە خەبات ڕایگەیاند کە فلیمەکان لەسەر بنەمای زانستی بۆ وەرگرتنی خەلات کاندید کراون و هەریەک لەو فلیمانە ماندووبوون و شارەزاییەکی بێ ئەندازەی دەوێ، هاوکات سەبرو تەحمولی زۆری گەرەکە چونکە هەروا بە ئاسانی فلیم لە سەر چیای ڕەق و بەفراوی بەرهەم نایەت، بۆیە دەرهێنەرو ئەکتەرو وێنەگرەکانی مەشقەتێکی زۆریان کێشاوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش خەلاتی ئەو ڤیستیڤالەیان بەرکەوتووە،شایەنی باسە ئەم ڤستیفالە لە ساڵی 1986ەوە لە وڵاتی نەمسا بەردەوامی هەیە.

پێشانگای شێوەکاری مامۆستایانی پەروەردەکانی هەرێم بەڕێوەچوو



کارزان کانەبی

لە هۆڵی گەلەڕی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکیەکانی وەرزش و هونەر لە پایتەختی کوردستان بە ئامادەبوونی مامۆستا ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە و مامۆستا بەکر کەریم بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر و سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی گشتی و سەرپەرشتیاران و مامۆستایان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکیەکانی وەرزش و هونەر لە ئەنجامدانی پێشانگای شێوەکاری مامۆستایانی پەروەردەی پارێزگاکانی هەرێم، کە لەم پێشانگایە 62تابلۆی دەستی مامۆستایانی هەرێمەک لە پەروەردە گشتییەکانی (هەولێرودهۆک و سلێمانی و کەرکوک و گەرمیان و هەڵەبجە) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەشداریان کردبوو بە دروست کردنی تابلۆی جۆراوجۆر کە هەمووی گوزارشت بوو لە ناخی ئەو مامۆستایەی هونەری بۆ دەربرینی ئەو هەستەی کە هەیان بوون لەبەرامبەر گرنگی و کارەکەی و ماندو بوونیان لە ماوەی ئەنجامدانی کارەکەیان و دروست کردنی تابلۆکان کە ناخ و هزری مامۆستایان بە دیار دەکەوت لە ئەنجامدانی کارەکانیان کە هەمووی کاری زیتی و دەستکردبوون،وەزیری پەروەردە یەکە یەکە تابلۆو کاری دەستیەکانی مامۆستایانی بەشداربووی بەسەرکردوە دەستخۆشی ئەو کارە جوانەی لێکردو پالپشتی خۆشی بۆ مامۆستایانی بەشداربوو دووپات کردوە، ئامانج لە کردنەوەی ئەم پێشانگایەش زیاتر خزمەتکردنی بابەتی هونەری و گرنگیدان بە مامۆستایانی ئەو بابەتە بوو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کە ساڵانە بەردەوام پێشانگای بەردەوامیان بۆ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی دریژەپێدەری ئەو کارانە بن کە لە قۆناخەکانی خوێندنە خوێندویان و قوتابیانیان پێگەیاندوە و خۆشیان لە کارەکانیان بەردەوامن، سەرخستنی وانەی هونەر و چالاکیەکانی هونەری بۆ ئەوەیە بتوانێن تەکانێک بە بواری هونەری بدەن و بابەتی هونەری لە ناوەندەکانی خوێندن گرنگی زیاتری پێ بدرێت. بۆیەکمجاریشە ئەم پێشانگایە بۆ ماوەی سێ مانگ بەردەوام دەبێت.



ئیمپراتۆری عیشقەکەی کفری کۆچی دوایی کرد

خەبات: سەربەست برزۆ

خالد کریم سالح ناسراو بە (دێوانەکەی کفری) لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کرد ، مام خالد ئیمپراتۆری عیشقە چونکە زیاتر لە پەنجا ساڵە دێوانەی عیشقێکە کە وەک خۆیّ زۆر بەی جار دەیوت : لەبەر نەبونی و بێ پارەیی بەیەک نەگەشتن . بەڵام مام خالد خیانەتی لەو عیشقەی نەکرد هەتا بردیە ناو گڵەوە پەنجا ساڵ بەتەنیا ژیاو وەک هیمایەک بۆ پاکی عیشقەکەی زیاتر لەو پەنجا ساڵە شاری کفری پاک دەکردەوە.

هەمیشەی دەیگۆت هەرچی ڕویدا ڕۆشت ، لەدوای عیشقەکەیەوە ژیانی هاوسەرگیری پێک نەهینا و دێوانە بوو ڕێشی دەهێشتەوە وەک هیمایەک بۆ ماتەمگێڕی عیشقەکەی .ئەوەی ڕۆژێک بەنێو بازاڕی شاری کفریدا گوزەری کردبێ دەبوایە مام خالیدی بناسیایە و گۆێی لە قسە خۆش و زانیاریە میژوویەکانی بگرتایە ، مام خالید پربوو لە زانیاری میژوویی دەگمەن ، هەمیشە قسە خۆشەکانی جێگای بایەخ و ڕێزی خەڵکی دەڤەرەکە بوو . خالید کەریم سالح ناسراو بە مام خالید ، ئیمپراتۆری عیشق لە ڕۆژی - 11- 18 2019کۆچی دوایی کرد و لەناو ئاپۆڕای جەماوەرا لە شاری کفری بەخاک سپێردرا.